بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ژمارە (18) 15/12/2017 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

لەسااڵیادی مافەکانی مرۆڤدا، مافە جیهانداگرە ئینسانییەکان، بخوێنەوە ل 8

قوباد تاڵەبانی: بەرپرسانێک هەن، زەوی داگیر دەکەن، قاچاخچێتی دەکەن، خەڵک و رۆژنامەنووس دەکوژن، پارە لەدوکاندار وەردەگرن!

بۆپێشەوە: هەموو دەسەاڵتی سیاسی لەکوردستان، دەسەاڵتێکی مافیایی و تاڵانچی و بکوژی هاوڵاتیان و دژی ئازادییە، دەبێ وەالبنرێت!

بەڵتەجیەکانی کوردایەتی لە دهۆک کازم تاکور و لە سلێمانی ئەسعەد شاوری دەرفێنن!! ل2



کارل مارکس بناسن ل3

قوباد تاڵەبانی و بەڵگەی کوشتارو کاری مافیایی و تاڵانکاری سەرانی حزبەکەی! ل4

رفاندن وتیرۆرکردن لەسایەی سیستەمی چەوسێنەردا... ل 5

دەستدرێژی ئیسلام و دەوڵەت بۆ سەر منااڵن، جینۆسایدە! ل6

گۆشەی لەگەڵ NRT ل 7

وتەی ژمارە

قوباد تاڵەبانی، لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ لیژنەی دەستپاکی وتارێکی پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا بە ئاشکرا ئاماژەیدا بە بوونی بەرپرسانێک کە بوونەتە فیرعەون، بوونە بکوژ و قاچاخچی، خەڵک و رۆژنامەنووس دەکوژن، زەوی داگیر دەکەن، پارەو سەرانە لەدوکاندار دەسەنن، خەڵک تەهدید دەکەن... تاد. تاڵەبانی کۆڕ راست دەکات، بەاڵم ئەمانە تەنها بەرپرسانێک نین کە لە حزبەکەی خۆیدان و ناکۆکی لەگەاڵیان هەیە، بەڵکو هەموو دەسەاڵتی سیاسی لەکوردستان، دەسەاڵتێکی مافیایی و فیرعەونی و دیکتاتۆرە، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، داهاتی کوردستان تاڵان و هەرزان فرۆش دەکەن، رۆژنامەنووسان و تیرۆر دەکەن و ئازادییەکان پێشێل دەکەن، کەسانی نەیار بە دەسەاڵتیان دەترسێن و دەیان رفێنن و تیرۆریان دەکەن. هیچ شارێکی کوردستان نییە کەسانی سیاسی نەیاری دەسەاڵتی تیادا راو نەنرابێت، یان نانبراو و لەکاردەرنەکرابێت، یان تیرۆر و سەنگوم نەکرابێت... هیچ شارێکی کوردستان نییە رۆژنامەنووسان تیایدا توشی هەرەشەو لێدان نەبووبێتنەوە یان یان تیرۆر نەکرابن... سۆران مامە حەمە و عبدلستار تاهیر لە کەرکوک، کاوە گەرمیانی لە گەرمیان و سەردەشت عوسمان لە هەولێر و ویداد لە دهۆک، لیستی تیرۆرە سیاسیەکانیش هێندە درێژە نەک هەاڵسوراوان و نەیارانی دەسەاڵت لە کوردستان، بەڵکو دەیان کەس لە کادرو هەاڵسوراوانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و ئێرانی و تورکی و سوریش، تیرۆرکروان... قاچاخچێتی بەشێکە لە پیشەی دەسەاڵتیان و تەنانەت لەگەڵ داعشی خوێنخۆری ئینساندا، ئەنجامیان دەدا. بازرگانیکردن نەک تەنها بە داو دەرمان و خۆراکی هاوڵاتیانەوە، نەک هەر بەو چەک و تەقەمەنیانەوە کە وەکو هاوکاری وەریان گرتووە، یان لە شەرەکاندا دەستیان بەسەردا گرتووە، بەڵکو بازرگانی بە کارەساتە دڵتەزێنەکانی وەکو بۆمباباران و کیمیایی و ئەنفال و جینوسایدی یەزیدیەکان وبارزانیەکان و... دەکەن. تاڵانی بێ سنورەو نەک تەنها زەوی و باغ و ئاو، بەڵکو هەموو سەرچاوەکانی داهاتیان لەدەستی خۆیان و کەسانی نزیکی خۆیاندا مۆڵ کردووە، هەموو سەرچاوەکانی بازرگانی و پیشەسازییان کۆنترۆڵی خۆیان و کەسانی سەربەخۆیان کردووە، لە بازرگانی داو و دەرمانەوە بۆ جگەرەو مواسەالت و هاتوچۆ تا دەگاتە بیناسازی و ریگاوبان. نەتەنها نەوتی و سامانی سروشتی ئێستای کوردستان تاڵان و هەرزان فرۆش دەکەن، بەڵکو بەشی چەندین نەوەی داهاتوی خەڵکی کوردستانیان لە نەوت و غازو سامانی سروشتی تر، پێشفرۆش کردووە. نەک پارە لە دوکاندار، یان کەسانێک کە پرۆژەیەک دەکەنەوە، بەڵکو هیچ تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە نییە، بەریگای جۆراوجۆر گیرفانی دانەتەکێنرێت... باج و سەرانەیان لەسەر هەموو شتێک داناوەو لەوەش درندانەتر موچەی کرێکاران و کارمەندانیان کردۆتە نیوەو چارەکە موچە و مانگیان لە ٣٠ رۆژەوە درێژ کردۆتەوە بۆ ٩٠ رۆژو زیاتریش... نەک تەنها هەرەشە لە تاک و تەرای خەڵک، بەڵکو زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان روبەرووی هەرەشە بۆتەوە هەرەشەی لێدەکرێت، هیچ خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکی جەماوەری لە کوردستاندا بەدژی دەسەاڵت ئەنجامدرابێت، تەنانەت بۆ مافە زۆر سەرەتایەکانییش بووبیت، بە ترساندن و سەرکوت و چەک وەاڵمی پێدراوەتەوە.

بۆ الپەرە ٢

بەڵتەجیەکانی کوردایەتی لە دهۆک کازم تاکور و لە سلێمانی ئەسعەد شاوری دەرفێنن!!

بەرواری ٦ دیسەمبەر چەند کەسێکی سەر بەپارتی لە شاری دهۆک دەچنە سەرمالّی تاکور زەردەشتی و لەگەڵ خۆیان دەیبەن... و شوێن بزری دەکەن تا بەرواری ١١ مانگ لای خۆیان دەیهڵنەوەو پاشان لە ژێر گوشاردا ناچار دەبن ئازادی بکەن... کازم تاکور هەڵسوراو چالاکوانێکی سیاسی بەرگریکەر لە ئازادی و ئازادی سیاسی و بیرورایە لە ناوچەی بادینان و شاری دهۆک... هاوکات لەبەرواری ٢ دیسەمبەر و لەسەروبەندی سالّیادی تیرۆری کاوە گەرمیانی رۆژنامەنووسدا، لەناوجەرگەی شاری سلێمانیدا ئەسعەد شاوری یەکێک لە چالاکوان و هەڵسوراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوچەی بیتوێن و شاری رانیە لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە دەرفێنرێت، دوای بەدواداچونێکی زۆر دەردەکەوێت کەلەلایەن هیزێکی دژە تیرۆری یەکێتیەوە رفێنراوە. پاشان لە بەرواری ١١ دیسمبەردا ئەویش لە ژێر گوشاردا، ئازاد دکرێت
ئیمە لەکاتێکدا بە توندی ئیدانەی ئەو رەفتارە دژە ئازادی و دژە ئینسانی و دژە یاساییەی لە بێ یاساییدا، بە رۆژی رۆناک ئەنجامدەدرێن، دەکەین و بە هەنگاوی بەنەخشەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرو تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی دەزانین بۆ ترساندنی کۆمەڵگەو بەرەی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگە، هاوکات داوا دەکەین لێپرسینەوە لەرفێنەرانی ئەم دوو چالاکوان و هەڵسوراوە و سیاسی و مەدەنییە بکرێت.

کرێکارێکی تر بەهۆی نائەمنی شوێنی کارەوە گیانی لەدەستدا...

سەرلەبەیانی بەرواری ٤/١٢/٢٠١٧ کرێکارێکی بیناسازی بە ناوی" د،ع ،ر" تەمەن ٣٥ ساڵ لە ناحیەی چوارقورنەی سەر بە قەزای رانیە، لەکاتی کارکردن و دانانی بەردی عەلاندا بە هۆی تەزووی کارەباوە گیانی لەدەستدا. ناوبراو خێزانداراە و دۆسیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو رووداوە کراوەتەوە... هۆکاری سەرەکی گیانکێشانی کرێکاران لە کوردستان بە پلەی یەکەم نائەمنی شوێنی کارو لەبەردەستدانەبوونی پێداویستیەکانی کارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چاوچنۆکی بێدەربەستی خاوەنکارو کۆمپانیاکان...
بەسوپاسەوە هاوڕی عومەر مەریەم ئەم هەواڵەی بەدەست بۆپێشەوە گەیاند.

قوربانیانی تۆندوتیژی و ناموسپەرستی

بەرواری ٧ ئەم مانگە، کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵ بەناوی نێرگس شەمسەدین لە گەرەکی ماکۆکی قەزای سەروچاوەی سەر بەئیدارەی راپەرین، دەست دەبات بۆ خۆکوژی لە ڕێگای خۆسوتاندنەوە، و گڕ بەردەداتە خۆی، بەداخەوە بەهۆ زۆری سوتاویەکەیەوە گیان لەدەست دەدات... کەسو کاری نێرکسی قوربانی، دەڵێن نیرگز نەخۆشی دەرونی هەبووە و ڕاپۆرتی پزیشکی هەیە لەو بارەیەوە....

* هەر لەم دە رۆژەی دوایدا دوو ژن لەلایەن مێردەکانیانەوە، یەکێکیان لە ناوچەی سەروچاوەی سەر بە ئیدارەی راپەرین و یەکێکی تریان لە شاری هەولێر لە ڕێگای کلاشینکۆفەوە کوژراون، بەڵام بۆ هەردوو حاڵەتەکە دەوترێت لەکاتی پاککردنەوەی چەکدا بووە و بە قەسدی کوشتن نە کوژراون!!!!

بۆچی؟
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

درێژەی وتەی ژمارە...

خوڵقاندنی ژیانی شاهانەو فیرعەونی بۆ خۆیان و دەوربەریان و دامەزراندنی جەهەنەمێکی واقعی بۆ زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەو کرێکاران و زەحمەتکێشان بەتایبەتی... وە لیستی تاوان و تالانیەکان، تا دەگاتە تۆماری نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکە.... لیستی تیرۆری سیاسییەکان بۆ رۆژنامەنووسان و ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە... لەگەڵ بازرگانی و قاچاخچیتی و دەست بەسەراگرتنی هەموو سامان و داهاتێکی کۆمەڵگەی کوردستان... وە گوێ خەواندن و شانخاڵی کردنەوە بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی وەکو ئاو کارەبا و سوتەمەنی... تا دەگاتە وێرانکردنی سیستەمی خوێندن و پەروەردە، داروخاندنی تەندروستی، ژینگە سازکردن بۆ کۆنەپەرستی دینی و داعشی، پەردان بە پیاوسالاری و قەسابیکردنی ژنان، وێرانکردنی و خنکاندنی ویست و خواستەکانی لاوان، لاباک بوون بەرامبەر بە خانەنشینان و فرێدانیان بۆ سەر جادە، لەگەڵ گرانی و بێکاری و بێ مافی هەمەلایەنی سیاسی و پیشیلکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان... دەریایەک لە تاوانن کە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکە قوباد تالەبانی و لەگەڵ پارتی هاوپەیمانیان، لە چارەکە سەدەی رابردوودا ئەنجامیان داوە... بە جیا لەهەموو ئەمانە ئایندەی سیاسی کوردستانیان، بەرەو چارەنوسێکی نادیار و تەماوی کردۆتەوە، کۆمەڵگەیان لە باری فەرهەنگییەوە چەند قات بردۆتە دواوە... کەشی بێئومیدیان زاڵ کردووە، نۆکەرایەتی و خۆبەستنەوەیان بە وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی دنیا کردۆتە نەریتێکی جێگر...
ئەو دانپیانانەی قوباد تالەبانی، لەسەر چەند بەرپرسێک... دانپیانانە بە دۆسیەی کارنامەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەگشتی. ئەگەر ئەحزابی سیاسی هەمەرەنگی بۆرژوازی لە دنیادا نوێنەرایەتی چینە داراکان دەکەن، بۆ بەرگری لە سیستەمی ئابووری و چینایەتی و کۆمپانیاکانی کەڵەکەی سەرمایە، دروست بوون، ئەوا لە کوردستاندا حزبە سیاسیەکان بۆرژوازی کورد، هەم کۆمپانیای تالانین و هەم دەسەڵاتی سیاسی... بۆیە بۆ بەرگری لەخۆیان و بەرژەوەندیەکانیان، ئامادەی هەموو تاوانکاریەکن. ئەو بەرپرسانەی تالەبانی کۆڕ باسیان دەکات... یەکێک و دوان نین، بەڵکو تەواوی سیستەمی سیاسی و بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە لە حزب و حکومەتدا... تالانچێ و مافیاو سەرکوتگەرو سیاسی نەیار کوژ و رۆژنامەکوژ و ژیان کوژن...
خەڵکی نارازی و تورەی کوردستان، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە، چارەنووسی ئیستاو ئایندەیان کراوەتە دەستمایەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی کوردستان، ئەگەر تا دوێنی ژمارەیەک رۆژنامەنووس یان نەیارانی سیاسی دەسەڵات، فایل و دۆسیەی کوشتار و تالانی دەسەڵات و سەرکوتی دەسەڵات و بەرپرسانیان دەخستە روو، وە لەسەر ئەم کارەیان نان براو دەکران و روبەروی هەرەشە دەبوونەوە یان تیرۆر دەکران... ئەمرۆ لەسەری سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتەوە دان دەنێن بە سەرکوتگەری و تالانچیتی و کوشتاری خەڵکی بێتاوان و رۆژنامە نووساندا... ئەمەش بەیانی شکست و فەشەلی دەسەڵاتە لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە.
خەڵکی کوردستان و بەرەی چەپ و ئازادیخوازی کۆمەڵگە، ئەرکیانە لەبەرامبەر دانپیانانی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە تاوانەکانیان، بێنە دەنگ و ئیرادەی شۆرشگێڕانەیان نمایش بکەن و نەبەردەکانی کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە ئینسانکوژ و تالانچی و ژیانکوژە، دەست پێبکەن... بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، پیکهێنانی دەستەو کۆمیتەکانی راپەرین، ئامادەسازی جەماوەری و چەکداری ڕێکخراو، رابەری بەرچاو ڕۆشن و تەشخیس دانی هەنگاوەکان بۆ راماڵینی ئەو دەسەڵاتەو بە سزا گەیاندنی تۆمەتباران و گێرانەوەی داهاتی دزراوی کوردستان بۆ دەستی خودی خەڵکی کوردستان، ئەو ئەرک و ئامادەکاریانەن کە دواخستن هەڵناگرن. پێداگری لەسەر ئەو راستیەی کە ئەم دەسەڵاتە لەڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە یان بە شێوازی خەباتی مەدەنی بەتەنها، ناتوانن ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە پێکبهێنن، بۆتە ئەزمونێکی چەسپاو. ڕێگای شۆرشگێرانەو جەماوەری پشت بەستو بە هێزی چەکداری ڕێکخراو پێویستە... دەبێ بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبین...

کارل مارکس بناسن

ئامادەکردنی: عەلی مەحمود

کارڵ مارکس لە 5 ی مانگی ئایاری ساڵی ١٨١٨ لە ناوچەی بروکر جاسی شاری تیری ئەڵمانیا لە خێزانێکی جولەکەی مام ناوەند لەدایک بووە.

بەهۆی ستەم و هەڵاواردنی ئاینی دەوڵەتی پروسیاوە، باوکی مارکس ((هاینریش مارکس)) بۆ ئەوەی پیشەی پارێزەرییەکەی لە دەست نەدات، پێش ئەوەی مارکس لە دایک بێت , ناچار بوو واز لە ئاینی جولەکە بهێنێت و ببێتە مەسیحییەکی پرۆتستانی.

مارکس سێیەم منداڵ بوو لە ناو 9 منداڵی خێزانەکەی.

مارکس تا ساڵی 1830 لە قوتابخانەی تایبەت خوێندی , لە ساڵی 1830 چووە قوتابخانەی باڵای تریر , کە قوتابخانەیەکی لیبراڵی بوو لە ساڵی 1832 داخرا.

مارکس لە ساڵی 1835 قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە شاری تریری ئەڵمانیا تەواوکرد و چووە زانکۆی بۆن.

مارکس لە قۆناغی ئامادەییدا توانی زمانەکانی فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی، هۆڵەندی، ڕوسی و ئینگلیزی بە باشی فێر ببێت.

مارکس لەژێر گوشاری باوکیدا ناچار بوو بچێتە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی بۆن , دواتر گواستییەوە زانکۆی بەرلین,هەرچەندە مارکس بۆ خۆی ئارەزوی ئەوەی هەبوو کە لە بەشی ئەدەب و فەلسەفەدا بخوێنێت و ببێتە شاعیر و شانۆنامەنووس بەڵام باوکی ڕێگای پێنەدا.

پاش تەواوکردنی کۆلیجی یاسا، لە ساڵی ١٨٣٦دا، دووبارە گەڕایەوە بۆ زانکۆی بەرلین و لە بەشی فەلسەفەدا دەستی بە خوێندنکردەوە.

لە ئایاری 1838 باوکی کۆچی دوایی کرد, ئەمەش کاریگەری لەسەر باری ئابووری کارل مارکس دانا.

لە مانگی مارسی ساڵی ١٨٤١دا بەشی فەلسەفەی تەواوکرد و بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشرا, تێزی دکتۆرانامەکەی مارکس لەسەر ناکۆکی فەلسەفەی سروشتی دیموکریتس و ئەپیکۆربوو، کە بە ووردترین و ئاڵۆزترین بابەتی فەلسەفی خەملێنراوە.

کارل مارکس لە زانکۆی بەرلیندا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بیریارانی بەرجەستەی بواری سیاسەت، فەلسەفە، ئاین و ئەخلاق ئاشنا دەبێت و پاشان لەگەڵ هیگڵییە لاوەکاندا دەست بە چالاکی سیاسیی و فیکری دەکات.

بەدوای ئەوەدا، دەبێتە ڕەخنەگر لە هیگڵییە لاوەکان و زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێڕوانینی ماتریالیستی فیورباخەوەو لەساڵانی دواتردا دەبێتە ڕەخنەگر لە تێڕوانیینە فەلسەفیە میتافیزیکییەکانی فیورباخ.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٢دا مارکس بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی لیبراڵی "راینیشە تسایتونگ."

بەهۆی ڕەخنەی تووندی مارکس و نووسەرانی دیکەی ئەم ڕۆژنامەیە لە دەوڵەتی پروسیا، چەندین جار خرایە ژێر سانسۆرەوە و پاشان بەفەرمانی ڕاستەخۆی سەرۆکی حکومەتی پروسیا، ئەم ڕۆژنامەیە داخراو مارکس بێکارکرا.

بێکاربوونی مارکس، هاوڕابوو لەگەڵ هەژاریدا، بەڵام ئامادەی ئەوە نەبوو کە بە هیچ شێوەیەک سات و سەودا لەسەر بیروڕاکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی پرۆسیادا بکات.

لە 19ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٤٣دا لە شاری کریوزناخ لەگەڵ جێنی ڤۆن وێستفاڵن کە هەم هاوڕێی منداڵی مارکس و هەم دەستگیرانی قۆناغی زانکۆی بوو، چوونە ژیانی هاوسەرییەوە, جێنی لە خێزانێکی کۆنەپەرستی دەوڵەمەند بوو, برا گەورەکەی جێنی، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی پروسیا بوو.

پاشان مارکس بەهۆی گوشارەکانی دەوڵەت و بێکارییەوە، لە ئۆکتۆبەری 1843 چووە فەڕەنسا و لەوێ لەگەڵ ئارنۆڵد ڕوگەدا گۆڤاری " ساڵنامەی فەڕەنسی - ئەڵمانی "یان لە شاری پاریس دەرکرد.

لەسەرەتادا لە گەڵ رۆگەو هاوسەرەکەی لە ماڵێکی هاوبەشدا ژیان, بەڵام کە جینی کچی لە ساڵی 1844 لە دایک بوو گواستیانەوە بۆ ماڵێکی دیکە بە سەربەخۆیی ژیان.

ئەم گۆڤارە بەهۆی ناکۆکی فیکری نێوان مارکس و ڕوگە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی گرفتی بڵاوکردنەوەی نهێنیانە لە ئەڵمانیادا تەنها یەک ژمارەی لێ چاپکرا.

مارکس لەم گۆڤارەدا ڕەخنەی تووندی ئاڕاستەی هەموو شتێک دەکات و بڕوای وایە کە ڕەخنە چەکێکی کاریگەری بەرەوپێشبردنی خەباتی پرۆلیتاریایە دژ بە چەوسانەوەو ناعەدالەتی ڕژێمی سەرمایەداری.

مارکس لە 28ی ئاب ئەنگلسی ناسی کە تا دوا چرکە ساتی ژیانی بە هاوڕێیەتی مایەوەو تەواوکەری رێگاکەی و هاوکاریکەری بوو.

مارکس لەساڵی ١٨٤٤دا لەگەڵ هاینریش هاینەی شاعیر یەکتریانناسی و بوون بە هاوڕێ, لەڕێگای هاینریشەوە ئەندامانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی فەرەنسای ناسی,مارکس دەستیکرد بە ڕەخنەگرتن لە بیروبۆچوونە فەلسەفی و ئابورییەکانی سۆشیالیستە فەڕەنسییەکان.

لە ساڵی ١٨٤٥دا دەوڵەتی پروسیا هەستی بە مەترسی فیکری و جموجوڵە سیاسییەکانی مارکس کرد و بە ڕەسمی داوای لە دەوڵەتی فەڕەنسا کرد تا لەو وڵاتە دەری بکات.

پاشان مارکس ناچاربوو بەرەو برۆکسڵ بڕوات.



لە کانوونی یەکەمی 1847 بۆ کانوونی دووەمی 1848 لە شاری برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا مارکس ئەنگلس مانفێستی کۆمۆنیستیان نووسی , ئەو نامیلکەیەی تارماییەکەی تا ئێستا سەرمایەداری تۆقاندووە.

مارکس 5 بۆ 6 هەزار فرەنک میراتی بۆ مایەوە , پارەکەی بەکار هێنا بۆ چەکدارکردنی کرێکارانی بەلجیکا , بەو هۆیەوە وەزارەتی دادی بەلجیکی بڕیاری دا لە وڵات دەری بکات.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی شوباتی ساڵی ١٨٤٨لە فەڕەنسا، مارکس لە بەلیجکا دەرکراو دووبارە گەڕایەوە بۆ پاریس پشتیوانی لەو شۆڕشە کرد.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەڵمانیاش لە مانگی مارسی ساڵی ١٨٤٨دا، مارکس گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیاو لە شاری کۆڵن نیشتەجێ بوو.

لە شاری کۆڵن ڕۆژنامەی " ڕاینی نوێ "ی دەرکرد.

پاش بە دەسەڵات گەیشتنی حکومەتی نوێ لە ساڵی ١٨٤٩دا، یەکەمین دادگاییکردنی لەدژی مارکس بوو, بە فەرمانی دادگا، دووبارە مارکس لە ئەڵمانیا دەرکرا لە مانگی ئایار گەڕایەوە شاری پاریس، بەڵام پاش خۆپیشاندانەکانی مانگی تەموزی ١٨٤٩ی پاریس, بڕیاری دەرکردنی درا , لە مانگی ئاب بەرەو لەندەن بەڕێکەوت، تا مردن لەو شارە مایەوە.

لە ساڵی 1867 بەشی یەکەمی پەرتوکی سەرمایەی بڵاو کردەوە , کە 2 بەشەکەی تری دوای مەرگی لە لایەن ئەنگلزی هاوڕێیەوە بڵاو کرایەوە.

لە ساڵی 1871 پشتیوانی لە کۆمۆنەی پاریس دەکات , کە یەکەم حکومەتی کرێکاری بوو لە مێژوودا , کە مارکسیەکان کەمایەتی بوون لە دەستەی بەڕێوە بەری حکومەتەکە , بە دوای کۆمۆنە پەرتووکی شەڕی ناوخۆیی فەرەنسای نووسی.

مارکس 7 منداڵی هەبوو,بەهۆی هەژاری و قەرزارییەوە تەنها 3 منداڵی لە مەرگ رزگاریان بوو , چوارەکەی دیکە هەر بە منداڵی مردن.

مارکس بەهۆی راوەدونانەوە زۆر جار نازناوی بۆ خۆی داناوە بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێت , لە پاریس ناوی مسیۆ رامبۆز و لە لەندەن ناوی ویلیامزی بەکار هێناوە.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1881 جینی هاوسەری کۆچی دوایی کرد.

مارکس لە 15 مانگی کۆتایی تەمەنی تووشی نەخۆشی بوو کە بووە هۆی مردنی لە 14ی ئازار بە بێ ئەوەی ناسنامەی هەبێت.

لە 17ی ئازار لە کاتێک هاوڕێ و کەسەکانی تەرمەکەیان لە هاید پارک بە خاک دەسپارد ژمارەیەکی کەم لە کەسوکارو هاوڕێکانی بەشداری مەراسیمەکەیان کرد.

مێژووی نووسی مارکسی ئیریک هۆبسباوم دەڵێت کەس ناتوانێت بڵێت مارکس کە مرد سەرکەوتوو نەبوو , هەرچەندە ئەو لایەنگیری زۆری لە بەریتانیا نەبوو, بەڵام دوای 25 ساڵ لە مەرگی پارتە سۆسیالستەکان کە لە ژێر کاریگەری مارکسدا بوون لە هەڵبژاردنەکان 15% بۆ 47%ی دەنگەکانیان بە دەست دەهێنا لەو وڵاتانەی هەڵبژاردنی دیموکراتی تێدا ئەنجام دەدرا.

مارکس لە ژیانی دەیان پەرتووکی نووسی بە ناوبانگترینیان مانفێست و کاپیتاڵە.

مارکس بە جیا لە دروستکردنی ٣ ڕێکخراوەی سیاسیی نێونەتەوەیی ((یەکێتی کۆمۆنیستەکان، ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم و دووەم)) بە هەزاران لاپەڕەی لەسەر ئابوریی، فەلسەفە، سیاسەت، ئەدەب و مێژوو نووسیوە.

کات ژمێر 2:45دەقیقەی ڕۆژی ١٤ مارسی ١٨٨٣ کارڵ مارکس لە تەمەنی 64 ساڵی و لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا، لە لەندەن بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا و مرد.

مارکس جگە لەوەی لایەنگرانی لە یادی ناکەن و ملیۆنان مرۆڤ درێژە بە ڕێگاکەی دەدەن , نەیارانیشی لە قەیرانەکاندا دەگەڕێنەوە سەر پەرتوکەکەی.

راپرسیەکانی دەزگا بۆرژوازییەکان دەریدەخەن کاریگەرترین فەیلەسوف بووە لە مێژوی مرۆڤایەتی و کاپیتاڵیش تاکە پەرتووکە دەرمانی دەردی قەیرانەکانی سەرمایەداری دەکات و رێبازە سیاسییەکەشی تاکە رێگای رزگاری هەژاران و نەدارانە.

لە والی علی محمودەوە وە رگیراوە

کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگا، دامەزراوە... هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادەبکرێ...

قوباد تاڵەبانی و بەڵگەی کوشتارو کاری مافیایی و تاڵانکاری سەرانی حزبەکەی!

نووسینی: نووری بەشیر

قوباد تاڵەبانی، لەگەڵ لیژنەی دەستپاکیدا دانی نا بەوەی کەکەسانێک لەسەرکردەکانی ناو حزبەکەی کە بە فیرعەون ناوی بردن، جیا لەوەی خەریکی ڤیللا دروست کردن و زەوی داگیرکردن و تیجارەت و قاچاخچێتی ئەکەن، هەروەها خەڵک ئەکوژن، ڕۆژنامەنووس ئەکوژن و دریژەی پێدەدات و دەڵێ؛ مەجموعە چەکدارێک لە خۆیان کۆئەکەنەوە و سەرانە لە خەڵک وەرئەگرن، پارە لە دوکاندار وەرئەگرن، خەڵک تەهدید ئەکەن، خەڵک ئیتهام ئەکەن. کە لە کوردستانیش ئەقەومێ خۆیان بە چەکدار و پاڵەوان ئەناسێنن... بەرەی جەنگ چۆڵ ئەکەن، چەک و تەقەمەنیەکەیان بەجێ ئەهێڵن و ئەوەشی لەگەڵ خۆیان ئەیهێننەوە دواتر لە بازاڕی قاچاخدا ئەیفرۆشنەوە و باسیش لە گەندەڵی ئەکەن.... لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ؛ داوای لێبوردن ئەکەین کە وەکو حکومەت تا ئێستا نەمانتوانیوە بە تەواوەتی پشتیوانی ئەم دەزگایە بکەین بۆئەوەی بە جورئەتەوە ڕووبەڕووی فیرعەونەکان ببینەوە .''...

بەدوای قوباد تاڵەبانیدا، شێخ جەعفەریش کەسێکی تر لە سەرکردەی حزبەکەی بنەماڵەی تاڵەبانی، لەچاوپێکەتنێکدا لەسەر بەشوێندا چوونی لیژنەی دەستپاکی (نەزاهە) لەسەر گەندەڵ و گەندەڵکاری، تاکید دەکاتەوە لەوەی کە سەران و لێپرسراوانی حزبەکانن ئەو کارانە ئەنجامدەدەن و لەکۆنەوە هەر وایان کردوە، بەڵام هەژارەکان تاوانباردەکەن، لەسەر قسەکەی قوبادیش دەڵێ با لەخۆیانەوە دەست پێبکەن.

چ ئەم قسانەی قوباد و چ شێخ جەعفەر، تازە نیەو یەکەم کەس نین و چەندین جاری تر و لەکاتی تەنگەژەو بار لێژی ئەم حزبانەو سەرکردەکانیاندا ئەم پەردەیەی دزی و مافیاییەیان لەسەر یەکتری هەڵدەدەنەوە یان لەبەرامبەر حزبەکەی بەرامبەردا کردویانەو کۆمەڵگەیان پێ چەواشە کردووە. بەتایبەتی بەدرێژایی تەمەنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی، چ لەشاخ و چ لە 27 ساڵی تەجروبەی دەسەڵاتی شاریاندا، و چ لەکێشەی نێوان دوو حزبی یەک بزوتنەوەی کوردایەتی و چ لەناو خۆیاندا، بەردەوام لەکاتی کێشەو ئەزمەکانیاندا ئەوەی شاراوە بووە دەریانخستووەو زۆرێک لەوانە وەک بەڵگەی ڕەسمی لەدەمی خۆیانەوە لەبەردەستدایە و ئەگەر دادگایەکی عادلانە ڕۆژێک بوونی هەبێت، بێ هیچ شاهیدێک یان بەشاهیدی خۆیان، وەک بەڵگەی ڕەسمی زۆربەی سەرانی ئەو حزبانە دادگایی و زیندانی دەکرێن، بەڵام هەر دوای ماوەیەک و ئەو هەموو بەڵگەیان لەسەر یەکتری بۆ دابەشکردنی کورسی و تاڵانکاری دەست دەخەنەوە ناو دەستی یەک و دەست لەملان و لەژوری داخراودا، پرۆژە بۆ دەسەڵاتەکەیان دادەڕێژن. ئەو قسانەی کە قوباد و شێخ جەعفەر دەیکەن بۆ ئەندامەکانی خۆیان و خەڵکی کوردستانیش زۆر ڕوونە و زیاتر لەوەش لەسەریان دەزانرێت و دەوترێت، بەڵام با بزانین قوباد تاڵەبانی وەک جێگری سەرۆکی حکومەت و وە یەکێک لەبنەماڵەی تاڵەبانی کەخاوەنی حزبی یەکێتین، بەجیا لەڕاستی قسەکانی لە تاڵانکاری و مافیایی و قاچاخچێتی و کوشتن و فرعەونیەی سەرانی حزبەکەی دەیکەن، وە هاوکات بێدەنگی حکومەتەکەی کە حزبەکەی خۆی جێگایەکی گەورەی تێدا هەیە، لەبەرانبەر ئەو هەموو کارە دژی خەڵکیەدا دەکرێت بۆ بێدەنگن!؟، بۆ لەم کاتەدا ئەم قسانە دەکات، ئایا هەر تەنیا ئەو ژمارەیە لەسەرانی حزبەکەی کەئیشارەی پێداوەو قوبادو ئەندامانی حزبەکەی و پارتی و حکومەتەکەیان و هەموو خەڵکی کوردستان باش دەزانن کەمەبەستی لە کێیە، بەڵام ئایا ئەو شتانەی کە سەر فیرعەونەکان باسی کرد بەهامەنشێوە خۆی و بنەماڵەکەی ئەوانیش دەگرێتەوە، ئایا جێگاو ڕێگای پارتی کە قوبادو حزبەکەی شەریکە بەشن لەگەڵیاندا وحکومەتە بنکە فراوانەکەیان کەئێستا نێچیر بارزانی و قوباد تاڵەبانی بەڕێوەی دەبەن، لەکوێی ئەو تاڵانکاری و فیرعەونی و کوشتارانەدا وەستاوە!؟.

بەدڵنیاییەوە ئەوەی کە قوباد تاڵەبانی لەسەر کەسانێک لەسەرانی حزبەکەی دەیڵێت، لەسەدا دەی ئەو تاوانانە نین کەئەو باسیان دەکات و ئەنجامیانداوە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان، کە قوباد تاڵەبانی و سەرجەم حزبی خێزانەکەی بەشدارن. بەدڵنیاییەوە، ئەوە پارتی و سەرانی حزبەکەی ئەگەر لەیەکێتی زیاتری نەکردبێت وەک ئەوان تاوانبارن بەرامبەر بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، بۆیە قوباد تاڵەبانی لە پەیامەکەیدا، بەشوێن چەند خاڵێکەوەیە کە سەرانی حزبەکەی بەجیا لەهەموو ئەوانەی وتویەتی، 16ی ئۆکتۆبەر وەک کارنامەو عادەتێکی بەردەوامی ئەو حزبانەی کوردایەتین کەئەنجامیان داوەو لەناو حزبەکەیدا خێزانەکەی خۆی دەستی سەرەکی هەبووەو هەموو حزبەکانی کوردایەتی بەشوێندا کێشکرد، بەڵام هەلومەرجێکی کارەساتباریان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بەگشتی سەپاندوە کەرۆژانە لەمیدیاکانەوە دەبیستڕێن، ئەم کارەیان کرد کە تۆڵەی 31ی ئاب بکەنەوە، بەڵام لوتی خۆشیان تێیدا شکا، وە لەشانسی ئەوان و پارتیشدا، خەڵک چەندە دژی یەکێتی و پارتیش بێت، بەڵام ریزی خۆی لەبزوتنەوەی کوردایەتی جیا نەکردۆتەوەو هەر لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەواندا وەک بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد دەسوڕێنەوەو بۆیە هێشتا بازاڕی بازرگانی فیرعەونەکان هەر لەدەستی خۆیاندایە. کەواتە قسەکانی قوباد تاڵەبانی لەئێستادا بۆ رازیکردنی دڵی پارتییە بۆ دەورەی داهاتوو. ئەو باڵانەی کەمخالەفەتی بەرژەوەندیان هەیە لەگەڵ پارتیداو وەک قوبادو زۆرێک لەسەرانی یەکێتی کەبەرژەوەندیان لەگەڵ پارتیدایە دەیەوێت دەستەمۆیان کات بۆ پارتی و بۆ دەورەی داهاتووی وەڵامدانەوەی عەبادی بتوانن جارێکی ترو بە ڕوپۆشێکی ساختەی ترەوە و بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بازرگانیەکانیان وەک فیرعەونەکان دریژە پێبدەن. بۆ ئەوەیە دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی کەئەزمەیەک و ریسواییەک تێی کەوتوون و بۆئەوەی لەناڕەزایەتی خەڵک ڕزگاری بکەن، و دەیانەوێ بەوەی کاری مافیایی و کوشتن و تاڵانکاریە بخەنە ئەستۆی چەند کەس، بەڵام جارێکی تر وەک هەمان پڕۆژەی ڕێگا چارەی "حکومەتی ئینقازی نیشتمانی"، دەسەڵاتی حزبەکانی کودایەتی ڕزگار بکەن و دەسەڵاتی فیرعەونی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستانا دریژە پێبدەن.

خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستان " لە ژنان، لاوان، کارمەندان و مامۆستایان و بێکاران...، دەبێ بزانن، ئەم حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و سەرکردەکانیان، زۆرجار ئەم سیناریۆیانەیان بەرێخستوە بۆ نەجاتدانی دەسەڵاتەکەیان لەو ریسوایی و ئەو ئەزمەیەی کە تێی کەوتون، زۆر جار لاپەڕەی خیانەت و نۆکەری و تاڵانکاری و زیندانی و کوشتنیان داوە بەسەر بەرامبەریانداو تەنیا بۆ خۆ دەربازکردن بووە لەناڕەزایەتی و تورەیی و ریسواییی زیاتریان، وە لەسەر بەژەوەندی و مانەوەی دەسەڵاتەکانیاندا ئامادەن لەگەڵ لایەنی مخالفی ترو دۆژمنی خەڵکی کوردستاندا دەیان ساتوسەدا بکەن، نموونەکانی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا زۆرن و بەڵام قوربانیەکانی و باجەکەی خەڵکی کرێکاری کوردستانە. خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکیان نە لەگەڵ قوبادو حزبەکەی و نە نێچیرەوان بارزانی و حزبەکەیدا و نەلەگەڵ حکومەتەکەیان و ئەو جۆرە قسانەیاندا نیە، تەنیا بەزانینی ڕاستیەکان لەسەر ئەو حزبانەو سەرکردەکانیان و دژایەتی لەگەڵ باڵێکیان و لایەنگری لەباڵێکی تریان، ناتوانن ئایندەی خۆیان باشتر بکەن، ڕێگاچارە دەبێ وشیارانە ریزی خۆیان لەهەموو حزبەکانی کوردایەتی و بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەهەموو باڵەکانیەوە جیاکەنەوەو خۆیان لەدەوری ئاسۆ و ئامانجی سۆشیالیزمی کرێکاری ڕێکخراو بکەن، کە دەتوانێت دەسەڵاتی فیرعەونی هەموو ئەو حزبانە هەڵبێچێت و ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان و نەوەکانیان مسۆگەر بکات.

13/12/2017

بۆپێشەوە

دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوە کرێکاران و زەحمەتکێشانە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لە پەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوە..
bopeshawa@gmail.com

ماڵپەڕی بۆپێشەوە www.bopehsawa.net

رفاندن وتیرۆرکردن لەسایەی سیستەمی چەوسێنەردا

نووسینی: عەبدولرحمن رەسوڵ

سیستەمێک بەدرێژایی ٢٦ساڵ دەسەڵاتدارێتی بەرهەمەکەی فڕاندن وتیرۆرکردن و بزرکردن و ونکردن ودزی وتاڵانی وگەندەڵی وفەسادی وئاوارەیی وهەژاری وبێکاری ونابەرابەری وشەڕوکوشتن بێت ئەی چۆن سیستەمێکی چەوسێنەر نییە؟!! لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی کوردییە ناکرێ ونابێ وجوان نییە پێی بگوترێت سیستەمێکی چەوسێنەروسەرکوت؟! ئەکرێ بڵێی کەموکوڕی هەیە ئەویش ووردەوردە وهەنگاوبەهەنگاو چاک دەبێت! کورد دوژمنی زۆرەولەقەیراندایە، پێویستە ڕەچاوی ئەم بارودۆخەی ئێستای باشووری کوردستان بکرێت، با ئەم ئەزموونەمان لەناونەچێت! ئەبێت سەبرمان هەبێت ئەم بارودۆخەش دەڕوات! هەرچی بچێتە سەر دەسەڵات هەروەک یەکێتی وپارتی دزوگەندەڵ دەبێت! ئیسلامییەکان وبزوتنەوەی گۆرانیش لەیەکێتی وپارتی خراپترن کەدەسەڵاتیان هەبێت! شیوعی وکۆمۆنیست وچەپەکانیش هیشتا کەمن و هیچیان پێناکرێت! لەبەرئەوەی کافرو بێ دینن لەگەڵ کۆمەڵگەی باشووری کوردستان نایەنەوە، باب وباپیرانی ئێمە هەموویان موسڵمانن! کەواتە چی بکەین وچارەسەر چییە؟چارەسەرئەوەیە دەبێت سەبرمان هەبێت هەنگاو بە هەنگاو سەرکردایەتی کوردوحکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری دەکات لەبەرئەوەی ئێستا هەموو حیزبەکانی تێدان هەر لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان ویەکگرتوویی ئیسلامی وکۆمەڵی ئیسلامی وبزوتنەوەی گۆڕان وشیوعی وسۆسیالیست وحیزبە سێبەرەکانی پارتی ویەکێتی تێدا بەشدارن وهەنگاو بەهەنگاو باشتر دەبێت!! ئەمانەی سەرەوە هەمووی قسەونووسینەکانی لایەنگران وهەوادارانی دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەری خێڵاتی وبنەماڵەیی وحیزبایەتی ئێستایی سەرکردایەتی حیزبەکانی بەشدار لەحکومەت وپەڕلەمانی باشووری کوردستانە لەبەرئەوەی خۆیان لەناوحکومەت وپەرلەماندانبۆیەپاساوبۆقسەبریقەدار و فرێودەرەکانیان دەهێنەوە.

ئەیانەوێت خەڵک بەم قسەو نووسینانە کەبەرگری لەسیستەمێکی نەگۆڕی پاش ٢٦ساڵە بکەن، هەربەهەمان جۆر لەناوەرۆکدا درێژەی پێبدەن ڕێگری لەهەر ئاڵوگۆڕێک بکەن کە خەڵکی هەژارو نەدارو ناڕازی بەم سیستەمە چەوسێنەرو سەرکوتە دەیانەوێت بیکەن، بەڵام قسەونووسیەنەکانیان هیچ بڕناکات وکەمترین کاریگەری نابێت بەسەر خەڵکی ناڕازی وئازادیخوازو یەکسانیخوازە تێکۆشەرەکانی کۆمەڵگە بەگشتی وگەنجان ولاوانی باشووری کوردستان بەتایبەتی. ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ خەڵکی ناڕازی دەروونیان هەڵدەچێت لەدژی ئەم نابەرابەری وسەرکوت ودزی و تاڵانی وگەندەڵییە. هەربۆیەش لەترسی تەقینەوەی بورکانی گەنجان و لاوانە هەموو ڕۆژێ وهەموو هەفتەو هەموو مانگێک گوێبیستی هەواڵی دڵتەزێنی فڕاندن وبزرکردن و ونکردن وتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێک وچالاکوانی مەدەنی و ڕەخنەگرێکی سیاسی و خاوەن بڵاوکردنەوەی وێنەو بابەتێکی فەیسبووک وڕۆژنامەو ماڵپەڕو بڵاوکراوەکان نەبین. لەبەرئەوەی پارێزەرانی ئەم جۆرە سیستەمە کە دەزانن ڕۆژێک دادێت تەواوی سیستەمی چەوسێنەرو سەرکوتی باشووری کوردستان هەروەک تەقانەوەی بورکانی لێدێت لە دژیاندا بەشۆڕش وڕاپەرینی گەنجان ولاوان و ئازادیخوازو یەکسانیخوازانی باشووری کوردستان.

ئەم کەلتوورو سونەتە کۆنەپەرست و دژەمرۆڤایەتییەی کە خەڵک شوین بزردەکەن یاخود بەنادیاری تیرۆری دەکەن بەدرێژایی ٢٦ ساڵە گەشەی پێدەدرێت لەژێرسایەی دەسەڵات وسیستەمی خێڵایەتی وحیزبایەتی کوردی دا. ئەگەرئەم دەسەڵات و سیستمە بەرپرس نەبێت لەدۆزینەوەی تاوانباران وبەسزاگەیاندنیان ئەی کێ بەرپرسە؟

لەساڵی ١٩٩١ لەگەل ڕاپەرینی خەڵکی باشووری کوردستان حیزبەکانی بەرەی کوردستانی کەئێستاش بەشداری حکومەت وپەرلەمانن لەژێرسایەی ئەوبەرەی کوردستانییەدا تاڵانی نەخۆشخانەو خوێندنگاو زانکۆ و بەنداوەکان وکارگە حکومییەکان دەستی پێکرد. بەرپرسەکان خۆیان کەرەستە گرانبەهاکانیان ئەودیوی ئێران وتورکیا و ئەوروپا دەکرد، دەسەڵات لێرەوە بەفەسادی ودزی وگەندەڵی هەنگاوی نا کە هەتا ئێستا بەردەوامە.

لەساڵی ١٩٩١بزوتنەوەیەکی جەماوەری پەیامی مرۆڤدۆستی وئازادی و یەکسانی و بەرابەری هەڵگرتبوو ووردە ووردە لەگەشەکردن دابوو بەبێ ئەوەی دزی تاڵانی وگەندەڵی بکات، بەڵکو دەیویست بەکردارو نەک تەنها قسەو نوسین حیزبەکان وتەواوی کۆمەڵگا فێری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی شورایی بکات کە دەسەڵاتی خودی خەڵکە لەگەڕەک وگوندو شارو شارۆچەکاندا. هەنگاو بەهەنگاو زۆر بەجوانی بەپشت بەستن بەخودی خەڵک خۆیی ئێدارەی کۆمەڵگە بکات، بەبێ دزی وتاڵانی وهەموو خەڵک بەشداربێت لەدەسەڵات وپاشان چەسپاندنی ئازادی وبەرابەری بەکردار هەنگاوی بۆدەندرا لەلایەن خودی خەڵکەوە کە بزوتنەوەی شوراکان بوون، بەڵام بەرەی کوردستانی بەسەرکردایەتی یەکێتی وپارتی و حیزبەکانی بەشدار هێرشێکی زۆر دڕندانە کرایە سەربنکەو ناوەندەکانی شوراکان لەشارو شارۆچکەکان کە بەزەبری هێزی چەکدار سەرجەم بنکەو بارەگاکانیان داخستن و تەنانەت چەندین هەڵسوڕاوی ڕابەری بزوتنەوەی شورایی زیندانی دەکران وئەشکەنجەو ئازاردەدران ویاخود هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرا، پاشان تیرۆر دەکران لێرەوە دەسەڵات وسیستەمی حیزبی خێڵایەتی وبنەماڵەیی باشووری کوردستان هەنگاوی نا بەرەوداخستنی دەرگاکانی گەشەی ئازادی و شارستانیەت، بەپێچەوانەوەشەوە دەرگاکانی گەشەی جەهالەت وخورافیات وتوندڕەوی و دژە مرۆڤ بوون و کۆنەپەرستی کرانەوە.

بەدرێژایی ئەم ٢٦ ساڵە لەژێر سایەی ئەم جۆرە سیستەمەدا بەچەندەها کەسایەتی سیاسی بەتواناو ڕۆژنامەنووسی بەتوانا وچالاکوانی مەدەنی ورۆشنبیری بەتوانا ڕفێندران و شوێن بزرکران وتیرۆرکران وئەشکەنجەو ئازاردران لەزیندانە نادیارەکانی ئەم سیستەمەدا. ئەگەر تائێستا سەرجەمیان زیندووبونایەو لەژیاندامابانایە، ئازادبوونایە لەناوکۆمەڵگەدا باشترین وجوانترین بەرهەمیان بەدڵنییایەوە دەبوو، لەبەرئەوەی هیچیان دزو گەندەڵ نەبوون. بەپێچەوانەوە بەهۆی ڕەخنەکانیان وئاشکراکردنی گەندەڵی و دزی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە مرۆڤایەتییەکانیانەوە تیرۆرکراون. هەربۆیە دانە دانەیان بەبێ جیاوازی هەتاهەتایە لەناو لاپەڕەکانی مێژووی تێکۆشانی خەڵکی باشووری کوردستاندا کە تێکۆشانیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی وبەرابەری بەزیندوویی وگەشاوەیی دەمێننەوە خۆیان و بیروڕا جوانەکانیان.

نەکەم ئەقڵ و نەمنداڵە بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ناوچەی بیتوێن وپشدەر لەشاری هەولێر کەپایتەختی دەسەڵات وسیستەمی حیزبی خێڵایەتی باشووری کوردستانە شوێن بزردەکرێت بۆماوەی (١٠)ساڵە کەس نازانێت چی لێ بەسەرهاتووە!! لەسالی ٢٠٠٧ ڕۆژنامەنووس(محمد حسن) ئەشکەنەیی ناسراوبە(محمدسیاسی) خەڵکی شاری ڕانیە، لەشاری هەولێر شوێن بزرکراوە تائێستا کە ناوەڕاستی مانگی(کانوونی یەکەم)(١٢)ی ٢٠١٧ بێسەروشوێنە خانەوادەو کەسوکاری نازانن لەکوێیەو چارەنووسی (محمدسیاسی) چی لێ بەسەرهاتووە!! بەچەندین جار سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستانیان کردووە هیچیان بۆنەکردوون کەهەواڵێکی دروستیان پێ بدەن.

پاریس خەلیل بارزانی، کچە روژنامەنووس وبێژەری پێشوو لە کەناڵی NRT زیاتر لە دوو ساڵە شوێن بزرە.

لە دوای دەستبەرداربوونی لە کەناڵی ئێن ئارتی بە هۆی گواستنەوەی ماڵیان لە سڵیمانیەوە بو هەولێر، بە گوتەی براکەی پاریس بارزانی لە ماڵەکەیاندا لە ئیسکان لەهەولێر لە لایەن ئوتومبێلێکی لاندکروزەوە بەئاشکرا رفێنراوە و تا ئێستا سوراخی نیە. کەلەماڵپەڕی هاوپشتی دا لە٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

لەڕابردوودا لەبەردەم زانکۆ لەشاری هەولێر ڕۆژنامەنووس(سەردەشت عوسمان)نیان ڕفاند دوایی چەندڕۆژێک تەرمەکەیان بۆهێنانەوە تائێستا تاونباران سزا نەدراون.

لە (٣ی دیسەمبەری ٢٠١٧) چالاک وانی مەدەنی ئەسعد شاوری نیشتەجێی شاری رانیە لەشاری سلێمانی شوێن بزردەکرێت دوایی چەندڕۆژێک بەپێی لێدوانی خانەوادەکەی کەلەماڵپەڕی ١٧ی شوباتدا بڵاوکراوەتەوە کە دژە تیرۆری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندی پێوە کردوون کەژیانی ناوبراو لەلای ئەوان پارێزراوە.

لە٦-١٢-٢٠١٧چالاکوانی مەدەنی تاکو زەردەشتی لەماڵەکەی خۆیدا لەلایەن ئاسایشی شاری دهۆکەوە دەستگیرکراوە تائێستا ئازاد نەکراوە. ئەگەر بێن باسی بزرکردن و و ونکردن وڕفاندنەکان و تیرۆرەکان وزیندانەکان و ئەشکەنجەدراوان بکەین بەسەدەها کەسن. ئەبێت هەموو ڕۆژەکانی ساڵ یادی دەستگیرکردن وزیندانیکردن وبزرکردن وڕفاندن وتیرۆرکراون بکەینەوە لەباشووری کوردستان.

ڕفاندن وشوێن بزرکردن و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاوانانی مەدەنی و سیاسی بەشێکە لەتیرۆری سیاسیی وتیرۆری ئازادییە. مرۆڤێک کە تاوانبارە یاخود سەرپێچی یاساکانی سیستەمی دەسەڵات دەکات پێویستە و یاساییە کە بانگهێشتنامەی دادگایی لەرێگای پۆلیسەوە بۆبنێردرێت بۆئەوەی سەردانی بنکەی پۆلیس بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەری، بەڵام ناڕەوایەو ناگونجێت لەگەڵ هیچ سیستەم ویاسایەکی مەدەنی وشارستانی دا کەناڕاستەخۆ یاخود ڕاستەخۆ لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە بڕفێندرێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت وپاش چەندڕۆژێک تەرمەکەی لەقەراغ جادەو شارەکان فڕێ بدرێت و سیناریۆ و چیرۆکێکی ئەفسانەیی لەسەری بڵاوبکەنەوە بۆ داپۆشینی گەورەیی تاوانەکە.

پرسیارەکە لێرەدایە ئایا پاش٢٦ساڵ لەدەسەڵات و سیستەمی بەڕێوەبردن لەباشووری کوردستان ئەمە بەرهەمەکەیەتی؟ ئایا ئەی ڕۆڵ وکاری دادگاکانی هەرێمی کوردستان چییە؟ ئەی داواکاریی گشتی کاری چی یە؟ ئەگەر ئیش لەسەر ئەم دۆسییە نایاسایانە نەکات کە بەدرێژایی ٢٦ساڵە گەنجان ولاوان وسیاسی وڕۆژنامەنووس بە نادیاری دەڕفێندرێن وون دەکرێن وتیرۆر دەکرێن ئەی کەوایە بۆچی هەن؟! ئەم جۆرە سیستەمە لەسیستەمێکی خێڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت کە کێ هێزو سوپایی چەکداری هەیە ئەو خاوەنی هەمووشتێکە لەکۆمەڵگەدا.

لەژێرسایەی دەسەڵات وسیستەمی سیکۆلارو ئازاد و شارستانیدا هەموومرۆڤەکان ئازادن بەبێ جیاوازی.

دەسەڵات ئەو کاتە بۆی هەیە دەست بخاتە نێو ئازادی مرۆڤ، کەکاتێک ئەو مرۆڤە دەیەوێت زیان بە مرۆڤ بوونی مرۆڤێکی تر بگەیەنێت واتە ماف وئازادی کەسێکی ترپێشێل بکات، لێرەدا بەپێی یاسا شارستانی... ومەدەنییەکان دەسەڵات ئەو کاتە مافی ئەوەی هەیە دەست لە.... ئازادی تاکە کەس وەربدات بەبێ ویستی ئەومرۆڤە، ئەمەش لەکاتێکدا کە ئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤەکانی تر دەدات، بەمانایەکی تر ئەم کارەی دەسەڵات بۆ قەدەغەکردنی ئازارو ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکانی ترە لەلایەن مرۆڤەکەوە تەنیا ئەوکاتە بەپێی یاسا دەکرێت سنووری ئازادی تاک ببەزێندرێت. جگە لەمە بەهیچ جۆرێک هیچ کەس و هیچ لایەنێک بۆی نییە تەدەخول بکات لەژیان وگوزەرانی ئازادی مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی.

دەستدرێژی ئیسلام و دەوڵەت بۆ سەر منالان، جینوسایدە!

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



لەبنەڕەتدا لەسەر ئەساسی هەڵاواردنی ڕەگەزی و وەلانان و بەرتەسک کردنەوەی پێگەی ژنان و ژێردەستەیی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە دامەزراوە. فرە هاوسەری، سیغە واتە لەشفرۆشی بە ئاشکرا بە پاساوی یاسایی، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، سەرکوتی ژنان، ئاماژەیە بۆ ماهیەتی ئایینی ئیسلام دژ بە ژنان و مافەکانیان. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، چ پەیوەندیەک لەنێوان حکومەت و ئایینی دژە ژنی ئیسلام بوونی هەیە؟ سیاسەتی دژە ژنی وڵاتانی ئیسلامی ڕاستەوخۆ سەرچاوەگرتوو لە ئایینی دژە مرۆڤی ئیسلامە. بێگومان مێژوی پیاوەزنی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە پێگەی باڵادەست بوونی پیاوان و ژێردەستەیی ژن نیشان دەدات لەهەر ئامرازێک بۆ گوشار بۆسەر ژنان کەڵک وەردەگرێ. ئەم هەڵسوکەوتە پیاوسالارانەیە لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا تێکەڵ بە بیرۆکەی ئایینی و قورعان بووەو لەناو ڕوح و میشکی تاکەکان پیچمی گرتووە. ئایینێک کە بۆتە سەرچاوەی ڕاستەوخۆی یاسا و سیاسەت و کلتوور و هەڵاواردن و هەڵسوکەوتی دژە ژن لەو کۆمەڵگەیانەدا .

ساڵەهایە ئیدۆلۆژی و بیرۆکەی ئیسلامی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و هەڵاواردنی بە ئاشکرای ڕەگەزی و پەیامی تۆندوتیژئامێزی ئەو ئایینە دەرخواردی خەڵک دەدرێتەوە و هەر ڕۆژە بە دانان و گەڵاڵەکردن و پەسەند کردنی یاسای دژە ژن ڕواڵەتی دزێوی زیاتر دەردەخات. لە نوێترینی ئەو یاسا دژە مرۆڤایەتیانە دەتوانین ئاماژە بە پەسندکردنی گەڵاڵەی دەستدرێژی بە ئاشکرا بۆ سەر منالان و یاسایکردنی ئەو تاوانە لە ژێر ناوی زەواجدا بکەین. لە وڵاتی عێراق یاسای نوێی کە بە پێی ئەو یاسایە منالان لە تەمەنی نۆ ساڵی دەتوانن زەواج بکەن لە حاڵی پەسندکردن دایە. یاسایەک کە سەرچاوەگرتوو لە ئایینی ئیسلامە و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان بە ڕەوا دەزانێ.

یاسایەکی دژە مرۆڤی کە جەستەی کچانی نۆ ساڵان دەکاتە ئامرازی سیکسی لە واقیعدا دەستدرێژیەکی ئاشکرای سیکسییە. یاسایەک کە سەرچاوگرتوو لە ئایینی دژە ژنی ئیسلامیە و ڕەوایی بە تۆندوتیژی جنسی دەداو مەشروعیەت بە تاوان دەبەخشێ. لە وڵاتێکدا کە یاسای ئیسلامی زاڵە و بیرۆکەی دوکەوتوانە بەردەوام بەرهەم دەهێندرێ و نابێ چاوەڕوانی بارودۆخی لەوە باشتر بین. ڕوانگەی سەرەکی ئیسلام نیسبەت بە ژن لە ڕاستای حاکمیەتی پیاوسالاری لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدایە و دەبێ هەموو موناسباتی کۆمەڵگە و سیستم لەسەر ئەو ئەساسە دابمەزرێ. یاساکانی ئایینی ئیسلام لە قورعانەوە وەرگیراوە، قورعانێک کە پێداگری لەسەر فرە ژنی دەکات و تاوان و قەتڵ و جینایەت دەکاتە بەشی ژنان، ژنانی کۆیلەی سەردەمی پەیامبەر کە بە مولکی محەمەد دادەنران، باشترین نموونەی ڕەوایەتی دان بوو بە کۆیلەتی و دەستدرێژی سیکسی.

مەترسیدارترن و بەربڵاوترین جۆری تۆندوتیژی بە دژی ژنان تۆندوتیژی دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لە شەریعەت"قورعان و حەدیس"ە، کە لە یاسای دژی مرۆڤیدا خۆی دەبینێتەوە و دواتر لە ڕێگەی پەروەردەی ناتەندروست و بە هەموو جۆر ئەبزارەو دەگوازرێتەوە بۆ ناو خەڵک و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە. تۆندوتیژیەک کە ساڵهایە لە لایەن سیستمە دواکەوتوو و دیکتاتۆرەکان بە دژی ژنان ڕەوا دەکرێ. وڵاتی عێراق تەنیا وڵاتێک نییە کە بە دانان و پەسندکردنی گەڵاڵەی لەو جۆرە ژنان دەکاتە ئامانجی خۆی. ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو کە بە بەهار عەڕەبی ناسرابوون و بوونە خەزانی هیواکانی ژنان. هەروەها بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی سوریە و جینایەت و دەستدرێژیەکانی داعش بە تایبەتی لەبارودۆخی هەنووکەیی دا بەڵگەیە بۆ پێداچونەوە بەسەر ئەو کۆمەڵگایانە بەر لە ئیسلام و دوای سەقامگیری ئەو دینە دژە مرۆڤە،

بە گشتی ئەگەر بمانهەوێ ئەنگوست بخەینە سەر ئەو یاسا دژە مرۆڤیە و بە وردبینیەوە ڕۆبچینە ناوەرۆکەکەیەوە، بەو ئاکامە دەگەین لە وڵاتێکی وەکو و عێراق کە ئایین بە بەشێک لە دەستوری کاری خۆی ئەزانێ و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بە ئیسلام و ڕوانگەی خوڕافە دەلکێنێ، ئایینێک کە دامەزرێنەر و بنیاتنەرەکەی واتە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا کە بە ئاشکرا و لە کاتی حوکمڕانیەکەیدا لە ژێر ناوی زەواج دەستدرێژی بە ئاشکرای کردۆتە سەر عایشەی تەمەن نۆ ساڵانی کچی ئەبوبەکر، ناتوانین چاوەڕوانی پەسندکردنی گەڵاڵەی مرۆڤپەروەر بین لێیان. سیستم و دەسەڵاتی عێراق بە ئامانجەوە و پلانی لە پێشدا داڕێژراو، کۆمەڵگە و تاکەکان لە دوکەوتوویيدا دەهێڵێتەوەو بەردەوام بانگەشە بۆ بیروهزری دواکەوتوانە و پیاوسالارانە دەکات و لە هەموو ئامرازێک بۆ سەپاندنی هێژمۆنی ئایینی دژە مرۆقی ئیسلام کەڵک وەردەگرێ، چونکە مانەوەی لە گرەوی ئەم بارودۆخەدایە.

ئیسلام لەمپەرێکی مێژوییە و بۆتە هۆی وەستانی کۆمەڵگە. ژن بە پێچەوانەی ناوەرۆکی دوگماتیکی ئیسلام بەردەوام لە حاڵی گەشەو پێشکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادیەکانی دایە. وەک نمونە دەتوانین باس لە ژنانی کوبانی بکەین کە لە سەنگەری پێشەوی خەبات بە دژی داعش، ڕاوەستان و بە پێداگری و خەباتی خۆشیان یاسای یەکسانی ژن و پیاویان، کردە سەنەدێکی گرنگ و دەستکەوتێکی پڕبایەخ، وە توانیان بەدژی هەناسەی ئیسلام و گروپێکی تۆندڕەو و تیرۆریست کە بەڕێوەبەریی ڕاستەقینەی ئەحکامی ئیسلامە بوەستنەوە. ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەنیا جنسیەت و ئەبزاری دامرکاندنەوەی هەستی شەهوەت و هەوەسپەرەستی پیاوە. بۆیە پێویستە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لەبەرامبەر پەسندکردنی گەڵاڵەی لەو جۆرە بێ دەنگ نەبن، چونکە بە پێچەوانەی یاساکە کە باس لەوە دەکات ئەم پرسە پرسێکی شەرعی و تاکەکەسیە و بە ئامانجەوە خۆی بێبەری دەکا لەتاوانەکە، دەبێ بڵین ئەوە نە تەنیا پرسێکی تاکەکەسی نییە بەڵکو و دەستدرێژی بە ئاشکرای دەوڵەتییە لەڕێگای بەدەستەوەگرتنی ئایینی ئیسلامەوە بۆسەر منداڵان کە لەو وڵاتەو لە ڕێگای پەسندکردنی ئەو گەڵاڵە دژە مرۆڤیانە هەوڵی ڕەواییدان بە جینایەت و تاوان دەدرێ و دەبێ هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و ویژدان زیندو لە بەرامبەریدا ڕابوەستێ. دەستدرێژی سیکسی لە ژێر ناوی بە فەرمی ناسینی زەواج بۆ تەمەنی ۹ ساڵی، بەراستی جینۆسایدێکی ئاشکرای ئیسلام و دەوڵەتە بۆ سەر منالان.

هەرجۆرە ئازاردانێکی منالان لە خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندن و لە ئاستی کۆمەڵگە بەگشتی پێویستە قەدەغە بکرێت!

بەد کەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منالان تاوانێکی قورسی جەناییەو دەبێ تاوانبارانی سزای توندی یاسایی بدرێن!

NRT

گۆشەی لەگەڵ

بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە بە رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی نێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...

لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی ٤/١٢/٢٠١٧

ئایا حزبەکان راستگۆن لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم؟

ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت

ئایا حزبەکان راستگۆن لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم؟

ئەگەر بەگوێرەی بانگەوازو بانگەشەو پەیام و دروشمەکانی حزبەکان بوایە، ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان دەبوو بەهەشتی ئەم سەرزەمینە... بەڵام نەبوو بە بەهەشت، بوو بەیەکێک لە دۆزەخەکانی ئەم هەسارەی زەوییە. ئەمەش ناراستگۆیی ئەو حزبانە و ناکۆکی بانگەشەکانی ئەم حزبانە لەگەڵ پراکتیک و کرداریان بە ڕۆشنترین شێوە دەردەخات.

ئەگەر حزب و ڕێکخراوەی سیاسی لەناو خانەوادەی بۆرژوازیدا، هەمیشە نوێنەری بۆرژوازی و چینەحاکمەکانن و بۆیە هەن و کار دەکەن تا بەرگری لە سیستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی باو بکەن، بەرگری لە کۆمپانیا قازانجپەرست و چەوسێنەرەکان بکەن... ئەوا لە کوردستاندا حزبەکانی بۆرژوازی کورد نەک هەر بەرگری لەو سیستەم و دەسەڵاتە تاڵانچی و ئابورییە باوە دەکات کەهەیە، بەڵکو خۆیان کۆمپانیاو سامان و تاڵانچیین. حزبەکانی کوردستان، سەرانی حزبەکان، ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرانی حزبیان لە حکومەت و پەرلەمان!!دا، بەشێکن لە تاڵانی، بەشن لە کۆمپانیا، بەشن لە بازرگانی، بەشێکن لە هەموو پرۆژە ئابوری و بازرگانی و پیشەسازییەکان... بەشن لە داگیرکردنی سامانی سەر زەویی و ژێر زەوی، بەشن لە لوشدان و حەپەلوشکردنی داهاتەکانی کوردستان و گیرفان بڕی کرێکاران و کارمەندان و نەدارانی کۆمەڵگە.

ئەگەر ئەحزاب و ڕێکخراوی سیاسی لەدنیادا، لەپاڵ پارێزگاری لە سیستەمی سیاسی و بەرگری کردن لە نیزامی چینایەتی و کۆمپانیا و خاوەن داراو دەوڵەمەندەکان، ناچارن بەشێک لە داهات و سامانی داگیرکراو بۆ هاوڵاتیان لە موچەو خزمەتگوزارییەکان، بدەن بەهاوڵاتیان. ئەو حزب و ڕێکخراوانە ناچارن بەشێک لە مافە فەردی و مەدەنیەکان، ڕادەستی کۆمەڵگە بکەن، بەڵام لە کوردستاندا، حزبەکانی کوردستان هەم دەسەڵاتی سیاسیان قۆرغ کردووە، هەم تاڵانی ئاشکرا هەڵنەگرە. ئەگەر بە گوێرەی بەڵێنی کاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بوایە، هەموو بیرمانە بانگەشەکانیان تا ڕادەی بڕینەوەی بڕی ٥٠٠ دۆلاری بۆ هەرخێزانێک، هەڵکشا. بانگەوازیان بۆ زامنکردنی هەلی کارو داهاتی پێویستی هاوڵاتیان مێشکی هەمووانی برد. باسی ئازادی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە ئاو و کارەباو سوتەمەنی و مەسەلەی ماف و بڕەودان بە خوێندن و پەروەردە، پێشخستنی تەندروستی، تا دەگات بە بڕینەوەی موچە بۆ کابانی ماڵ!! و بەرینکردنەوەی ئازادییەکان و بەرگری لە مافی منالان و ژنان و دابینکردنی یاساو ریسای بەریگریکەر لە ژنان و تا دەگاتە بانگەشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی... زامنکردنی ئایندەیەکی باش بۆ هەلومەرجی سیاسی و داهاتووی کوردستان... ئەو ریزە لەو بانگەشەنانەن کە لەبیر خەڵکی کوردستان نەچونەتەوە.

ئەمڕۆ بەدوای شکستی کابینەیەکی تری حکومەتدا!! بەدوای فەشەلی برگەیەکی تری دەسەڵاتداریتی، وە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەردا، کە تەواوی دۆخی سیاسی و ئابوری و ریزبەندی حزبەکانی لینگەوقوچ کردەوە، حزبەکانی کوردستان هەریەکەیان بەجۆرێک و بە هێنانە ئارای پاکیج و پرۆژەی جیاجیا، بانگەشەی تێپەراندنی ئەم دۆخە دەکەن و جەنگ بۆ بەشداری لە دەسەڵاتداریتی داهاتوودا بە کردەوە دەستی پێکردووە. چ بە پیکهێنانی حکومەتی کاتی و یان بچوککردنەوەی ئاڵوگۆر لە پۆستەکان، یان دوبارە دەستبردنەوە بۆ هەڵبژاردنەکان.

ئەوەی لەناو بانگەشەی حزبەکاندا بۆ تێپەراندنی ئەم دۆخەی کەهەیە، لەلایەکەوە نۆژەنکردنەوەی درۆ و کەڵەک بازییە، لەپەیوەند بە ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە و پێداگرییە لەسەر پۆست و بەشی حزبیان و بەرگرییە لەو سیستەمەی کە هەموویان لەپەیوەند بە دزی و تاڵانکردنی داهاتی خەڵکی کوردستانەوە تیایدا هاوبەشن.

گرفتەکانی خەڵکی کوردستان و گرفتی حزبەکانیش، لەیەک جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکن... بۆ خەڵکی کوردستان گرفتی نان... بەمانای موچە و داهات و خزمەتگوزاریی و ئاو و کارەباو بیمە بێکاری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و باشکردنی سیستەمی خوێندن و پەروەردە و ژیانێکی شیاوی سەردەمی و ئینسانییە... ئازادییە بەمانای زامن بوونی ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری، ئازادی بەیان و ڕادەربڕین و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان، و چاپەمەنی و... سەربەخۆییە، بە مانای بەهرەبەردابوون لە قەوارەیەکی سەربەخۆی دەوڵەتی دانپیانراوی نێودەوڵەتی و بەفەرمی ناسراو و بوونی یاساو زامن بوونی مافە فەردی و مەدەنیەکانە.

هێندەی بە حزبەکانیش دەگەڕێتەوە، گرفتەکانیان، لەناوچەکەدا پەیمان دۆخەی ٢٧ ساڵە دریژەی هەیە. کەواتە خەڵکی کوردستان لە بەرێکدا و حزبەکانی بۆرژوازی کوردستان لە بەرێکی تر و دژ بەیەک وەستاون... تێکراندنی ئەم هاوکێشە نابەرابەرە، بە گۆرینی هاوسەنگی هێز لە نێوان بەرە و بزوتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو حزبانەو دەسەڵاتی سیاسیدا، دەتوانێ ئاڵوگۆری بەرجەستە بەدوای خۆیدا بهێنێت...

باس لە ڕاستگۆیی حزبەکان بۆ چارەسەری دۆخی هەرێم، هەرگیز بەمانای چارەسەرکردنی دۆخی دۆزەخ ئاسای خەڵکی کوردستان نییە... باسی گێرانەوەی مالی دزراوی ٢٧ ساڵەی هاوڵاتیانی کوردستان لە دەسەڵات و داهات و ئازادی و مافەکانیان نییە... باسی خۆ ئامادەکردنە بۆ گەرانەوە بۆ بەغداو نوێکردنەوەیە بۆ وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو گوێرایەڵ بوونیانە بەو قوتابانەی بێ ئەوان هەناسەی سیاسی نادەن و سەرەڕۆیی لە خۆشخزمەتیان بۆیان نیشان نادەن. کێشەیان لەگەڵ بەغدایە بۆ موچەو داهات و پۆست و هاوبەشی سیاسی...و ئاسیکردنەوەی پەیوەندییەکانیانە بە زۆر کەمتر لە پیش ١٦ ئۆکتۆبەر... لە کوردستان کێشەیان لەگەڵ یەکترییە بۆ پشکی زۆرترو داهاتی مۆڵتر و لێنەپرسینەوە و دریژەدانە بەو

> **بۆژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، وە سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی کورد" بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە" " بە قەومی و ئیسلامیەوە"، بەرپرسی دۆخی ئیستای کوردستان و بەرپرسی کارنامەی ٢٧ ساڵەی رابردوشن. وە چاوەروانی لەوەی هیچ کام لەو حزب و ڕێکخراوە سیاسیانە بە دەنگە تازە سەرهەڵدراوەکانی پرۆ ئەمریکایشەوە.. بۆ ئەوەی خزمەتێک بەخەڵکی کوردستان بکەن یان بەرگری لە ویست و خواستێکی ڕەوا بکەن... چاوەروانییەکی بێهودەیە.**

ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان و ئامادەیی بۆ بەرگری لە سیستەم و دەسەڵاتی تاڵانچی بۆرژوازی کورد و لەبەرامبەر بە خرۆشان و جموجۆڵی نارەزایەتی جەماوەری.

بۆژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، وە سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی کورد" بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە" بە قەومی و ئیسلامیەوە"، بەرپرسی دۆخی ئیستای کوردستان و بەرپرسی کارنامەی ٢٧ ساڵەی رابردوشن. وە چاوەروانی لەوەی هیچ کام لەو حزب و ڕێکخراوە سیاسیانە بە دەنگە تازە سەرهەڵدراوەکانی پرۆ ئەمریکایشەوە.. بۆئەوەی خزمەتێک بەخەڵکی کوردستان بکەن یان بەرگری لە ویست و خواستێکی ڕەوا بکەن... چاوەروانییەکی بێهودەیە.

تەنانەی چاوەروانی لەوەی ئەوانە بتوانن چاکسازیی بکەن، دیسان چاوەروانیەکی ناحسابییە. هەرچەشنە چاکسازییەک گورزی کوشندە لە جەستەی خۆیان دەدات... و هێزگەلی دزو تاڵانچی، خۆشخزمەت و کۆنەپەرست، بەش بوون لە کۆمپانیا، ڕاهاتوو بە ژیان کردن لەسەر دزین و لوشدانی داهات و سامانی خەڵکی کوردستان... خولقێنەری بەیاساییکردنی دزو تاڵانی خۆیان، بۆیە ناتوانن ببنە ڕزگارکرنی کۆمەڵگە لەدەست دزی و تاڵانی.

ئەو دەسەڵات و حزبانە، ژیانیان بەندە بە هەلومەرجی نەخوازروای کوردستانەوە... ئەگەر دەسەڵاتیان وەلانرا، دزیان، حکومەت و پەرلەمانیان... وەکو کۆمپانیای لوشدانی داهات، لەدەست دەدەن. بۆیە بەهەموو شیوەیەک بەرگری لە دۆخی ئیستا دەکەن. کۆتایی هێنانیش بەو حزبانەو دەسەڵاتە، بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری، بێ چەک ناکرێت. ڕاپەرینی جەماوەری پشت بەستوو بەهێزی ڕێکخراوی چەکدار، مەرجێکی سەرەکی ڕزگارکردنی کوردستانە لەدەست مافیاکانی دەسەڵات و تاڵانی ئەو حزب و نۆکەرانەی وڵاتانی ناوچەکە... دەبێ بۆ ئەو نەبەردە ئامادەکاری هەمەلایەنەو پێویست بکرێت.

مافە جیهانییەکانی ئینسان... نووسینی: کورشی موەدرسی

ئەم خاڵانەی لای خوارەوە مافە جیهانی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئینسانە. هیچ یاسا، سیاسەتو ڕێوشوێنێکی کۆمەڵگە نابێت مافو بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە پێشل بکات. نابێت هیچ کەسێک یان بەشێکی کۆمەڵگە لەهیچ یەکێک لە مافەکانی نێو ئەم بەڵگەنامەیە مەحروم یان هەڵاوارده بکرێت. دەوڵەتو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەسەریانە کەوەدیهاتنی مافو بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە زامن بکەن.

١ -/ژیان سەرەتاییترین مافی ئینسانە. دەبێ لەشو گیانی ئینسانەکان لە هەرجۆرە دەستدرێژییەک پارێزراوبێت.

٢ /چەوساندنەوەی ئینسان قەدەغەیە. کاری بەکرێ، کەبناغەی چەوساندنەوەی ئینسانە لەدنیای ئەمڕۆدا، وە هەر جۆرە یەخسیرێو کۆیلایەتیو بێگارییەک لەهەر بەرگێکدا بێتو بەهەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە.

٣ /کار چالاکی ئازادانەو داهێنەرانەی ئینسانە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەتوانای داهێنەرانەی فیکریو عەمەلی خۆی پەرەپێبداتو بیخاتەگەڕ.

٤ /هەموو کەسێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەوری ئەو لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بۆی هەیە لەو نیعمەتە ماددیو مەعنەوییانە بەهەرمەند بێت کەلە کۆمەڵگەدا هەیە. هەموو ئینسانەکان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بەهرەمەند بوون لەو نیعمەتە ماددیو مەعنەوییانەی کەلە کۆمەڵگەدا هەیە.

٥ /هەموو ئینسانەکان مافی بەهرەمەند بوون لەکاتی پشوو، ڕابواردن، ئاسایشو ئەمنیەتیان هەیە. هەموو کەسێک مافی هەیە کەلە خانەولانەی گونجاوو لەپێویستییەکانی ژیانێکی نۆرمالی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە بەهرەمەندبێت.

٦ /هەموو مندااێک مافی ژیانێکی بەختەوەر، ئاسوودەو داهێنەرانەی هەیە. زامنکردنی خۆشگوزەرانیو بەختەوەریی هەر منااێک، بەدەر لەوەزعی خێزانەکەی، لەئەستۆی کۆمەڵگەیە. هەموو منالانو تازەلاوان دەبێ لەستانداردێکی چونیەکی خۆشگوزەرانیو ئیمکاناتی گەشەی ماددی، لەبەرزترین ئاستدا، بەهرەمەندبن.

٧ /هەموو کەسێک، بەبێ قەیدوشەرت، ئازادە لەوەی کەهەر بیروباوەڕێکی هەبێت، وە ئازادە لەوەی کەئەم بیروباوەڕەی بەشێوەی نووسین، شەفەهی، هونەری، یان هەر شێوەیەکی دیکە، چ بەشێوەی فەردی بێت یان دەستەجەمعی، دەربببڕێت. ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێکو هەموو لایەنە سیاسی، کلتوریو ئەخلاقیو ئایدۆلۆژییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها نارەزایەتی دەربڕینو مانگرتن بەشێوەی فەردی بێت یان بەکۆمەڵ مافی بێقەیدوشەرتی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێک دەتوانێت هەر حیزبو ڕێکخراوێک پێک بهێنێت وە یان بچێتە ناو ئەم دامەزراوانەوە.

٨ /هەموو ئینسانێک مافی خۆیەتی کەحورمەتو شەخسییەتی هەبێت. هەرجۆرە تۆمەتبارکردنو بێحورمەتیەک بەئینسانەکان بەسووک تەماشاکردن یان پایە بەرزکردنی دینێک، نەتەوەیەک، قەومێک، نەژادێکو جنسێک قەدەغەیە.

٩ /پشکنینی بیروباوەڕو سەپاندنی بیروباوەڕ قەدەغەیە. هەموو کەسێک ئازادە لەوەی کەبۆچوونو بیروباوەڕەکانی خۆی ڕانەگەیەنێت. هەرجۆرە هاندانێکی خەڵکیو هەڕەشەکردنێک لەدژی دەربڕینی ئازادانەی بۆچوونی کەسەکان قەدەغەیە.

١٠ /بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ وبەردەوام لەمەسەلەی حوکمڕانیدا مافی هەموو کەسێکە. بەرپرسو دەزگا دەوڵەتیەکانو دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان هەر لەسەرەوە تاخوارەوە دەبێ هەڵبژێردراوی دەستی خەڵکی بن. خەڵکی مافی هەڵبژاردنو وەلانانی هەموو بەرپرسو پۆستێکی سیاسیو ئیداریان هەیە لەوڵاتدا. هەموو کەسانی گەورەسااڵ لەمافی دەنگدانی گشتی بەهرەمەندنو مافی ئەوەیان هەیە کەخۆیان بۆ هەر دەزگاو ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی وەیان گرتنەدەستی هەر پۆستو کۆمەڵگەیە. هەموو منالانو تازەلاوان دەبێ لەستانداردێکی چونیەکی خۆشگوزەرانیو ئیمکاناتی گەشەی ماددی، لەبەرزترین ئاستدا، بەهرەمەندبن.

١١ /دەوڵەتو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبردنی کاروبار یان بەپرسە جیاجیاکان، خۆبەخۆ هیچ مافێکیان لەبەرامبەر خەڵکیدا، چ وەک تاک یان وەک کۆمەڵ نییە، مەگەر ئەوەی کەخەڵکی ڕاشکاوانە ئەم مافەیان بەوان دابێت.

١٢ /دەوڵەتو نیزامی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەبێ بەتەواوی غەیرە دینیو غەیرە قەومی بێت. هەرجۆرە یارمەتیدانێکی دەوڵەت بە بڵاوبوونەوەی هەر دینێک یان بەخشینی هەرجۆرە ناوەڕۆک یان سەرچاوەیەکی دینی، قەومی، یان نەتەوەیی بەیاساکان قەدەغەیە. هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بۆ دین، قەوم یان نەتەوەی تاکەکان لەیاساکاندا وەیان لەبەڵگەنامە ناسنامەییو ئیداریەکانی پەیوەست بەوانەوە قەدەغەیە.

١٣ /دیندار بوون یان بێدینی، بەبێ هیچ قەیدو شەرتێک ئازادە. دین لەدەوڵەتو پەروەردەو فێرکردن جیایە. هەرجۆرە گوشارێکی فیزیکیو نەفسی بۆ قبوڵکردنی دین قەدەغەیە. هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی دین مەسەلەی تایبەتی تاکەکانە. هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە ڕەسمیەت بە هیچ دینێک یان بیروباوەڕێک بدات. دەوڵەت دەبێ بێلایەن بێت بەرامبەر هەموو دین و بیروباوەڕەکان. هیچ دینێک نابێت ببێتە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت.

١٤ /دیاریکردنی دینی ڕەسمی، وە زمانی ڕەسمیی ئیجباری، قەدەغەیە.

١٥ /لەش ساغیی، مافی هەموو تاکێکەو هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە هەموو ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بۆ پاراستنی خۆی لەزیانو نەخۆشیەکان بەهرەمەندبێتو سود لەئیمکاناتی کۆمەڵگە لەبواری تەندروستیو چارەسەردا وەربگرێت.

١٦ /بەهرەمەند بوون لە ژینگەیەکی پاکو ئاسوودە مافی هەموو ئینسانێکە.

١٧ /تێکەڵاوبوونو ژیانی کۆمەڵایەتی مافی هەموو ئینسانێکە. هەرجۆرە جیاکاریو مەحرومکردنێکی تاکەکان لەژینگەی کۆمەڵایەتیو دەرفەتی تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا قەدەغەیە.

١٨ /لێکۆڵینەوەو ئاگاداربوون لە ڕاستیەکان لەبارەی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە مافی هەموو کەسێکە. سانسۆرکردنو کۆنترۆڵکردنی ئەو زانیارییانەی کە دەخرێتە بەردەستی هاوواڵتیان قەدەغەیە.

١٩ /خوێندن مافی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە ئیمکاناتەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ بردنەسەری ئاستی زانستو شارەزایی خۆی وەیان ئاشنابوون بەدەسکەوتە فیکریو عەمەلیەکانی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆی بەهرەمەندبێت. دەستڕاگەیشتن بە هەموو ئەو ئیمکاناتە تەعلیمیانەی کەلە کۆمەڵگەدا هەیەو سوودوەرگرتن لێیان مافی هەموو کەسێکە.

٢٠ /هەموو سااڵمەندێک، مافی ژیانێکی بەختەوەر، داهێنەرانەو ئاسوودەی هەیە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کەلە قۆناغی سااڵمەندیدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی ماددی خۆی، لەباشترین ئیمکانی مەعیشی، تەندروستیو عیلاج بەهرەمەند بێت. زامنکردنی ئەم مافانە بۆ سااڵمەندان لەئەستۆی کۆمەڵگەیە.

٢١ /ئازادی بیقەیدوشەرتی...

بۆ لاپەرە ٩

پێشەکی:

کۆمەڵگا دەبێ ئازادی ئینسان زامن بکات. ئازادی بەمانای ئازادی لەدەست سەرکوتو ئیستبدادی سیاسی، ئازادی لەکۆتو یەخسیریی ئابووری، ئازادی لەئەسارەتی فیکریی، ئازادی بۆ مومارەسەکردنی ئەبعادە جیاجیاکانی ژیانی ئینسانی، ئازادی بۆ شکۆفایی توانای داهێنەرانەی ئینسانو ئازادی لەمومارەسەرکردنی ئەبعادە مەزنەکانی سۆزی ئینسانی.

کۆمەڵگا دەبێ زامنکەری یەکسانی ئینسانەکان بێت. یەکسانی نەک تەنها بەمانای یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا بەڵکو بەمانای یەکسانی لەبەهرەمەندبوون لەئیمکاناتو نیعمەتە ماددیو مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا، یەکسانی لەحورمەتو بەهای هەموو ئینسانەکان لەچاوی کۆمەڵگادا.

بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی جیهان نەلەئازادی بەهرەمەندنو نەدەستیان بە ئیمکاناتو نیعمەتە ماددیو مەعنەوییەکانی کۆمەڵگا دەگات کەهەر خۆیان خوڵقێنەرین. چارەنووسی ژیانی ماددیو مەعنەوی ئینسان بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانی قازانجەوە. چەوسانەوەو کۆیلایەتی ئابووری جەماوەری فراوانی ئینسانەکان یاسای زاڵە بەسەر جیهانداو پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی قازانجو هێشتنەوەی سەدان ملیۆن ئینسان لەوەزعێکدا کەبتوانێت قازانج بۆ سەرمایە بەدەستبێنێ، مەنتقی نیزامی سەرمایەداریە. هەژاریو نەداری، هەڵاواردنو نایەکسانی، ئیستبدادو سەرکوتی سیاسی، نەژانیو خورافەو دواکەوتوویی کەلتووری، بێکاری، بێخانەولانەیی، نائەمنیی ئابووریو سیاسی، فەسادو تاوانکاری، ئەمانە هەموویان ئەو موسیبەتو بێبەشییانەن کە هەموو ڕۆژێک سەرلەنوێ لە جەرگەی سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆدا، وەکو بەشێکی دانەبڕاوی ئەم نیزامە، دەمەزەرد دەبنەوەو بەرهەم دەهێنرێنەوە.

ئازادی ئینسان لەروانگەی بۆرژوازییەوە، لەبنەڕەتدا، ئازادی چەوسانەنەوەو چەوساوەبوونە. لەو جێگایەشدا کەباسی مافی مرۆڤ دەهێنرێتە ئاراوە لەباشترین حاڵەتدا کۆمەڵێک مافی سیاسی مەرجدارو بەرتەسک وێنا دەکرێت کە بەهرەمەندبوون لێیان بۆ زۆربەی ئەو کەسانەش کەدەیانگرێتەوە ئیمکانی نییە. ئازادیو یەکسانی ناکۆکە لەگەڵ یەخسیریی ئابووریدا. مافەکانی مرۆڤی نیزامی سەرمایەداری بەبێدەنگەکردن لەم ڕاستییە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئینسان بێت. جارنامەی مافەکانی مرۆڤ زامنکەری ئازادیو یەکسانی ئینسانەکان نییە. ئامڕازێکە بەرگرتن بە یاخیبوونی خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازە. ئامڕازێکە بۆ بەرگرتن لەڕۆچوونی سەرنجی خەڵکو بیرمەندانو ئازادیخوازان بەلای ڕەهەندە قوواڵترەکانی مافەکانی مرۆڤو دەرک کردنی ناکۆکی نێوان مافەکانی ئینسان لەگەڵ ناوەڕۆکی نیزامی سەرمایەداریدا.

دریژەی... مافە جیهانداگرە ئینسانیەکان...

نیشتەجێبوون، سەفەرکردنو شوێن گۆڕکێ مافی هەموو کەسێکی گەورەسالّە. هەموو کەسێک بەبێ هیچ قەیدوشەرتێک مافی ئەوەی هەیە کە بۆ هەر وڵاتێک سەفەر بکات وەیان لە هەر وڵاتێک ئیقامە وەربگرێت.

٢٢ /هەموو کەسێک دەتوانێ بە قبووڵکردنی ئەرکە حقوقیەکانی هاووڵاتی، ببێتە هاووڵاتی کۆمەڵگە.

٢٣ /ژیانی تایبەتی تاکەکان، شوێنی ژیان، نامەو نووسراوو موکالەماتی تاکەکان پارێزراوە لە هەر جۆرە دەخالەتێک لەلایەن هەر دەسەڵاتێکەوە بێت.

٢٤ /هەموو کەسێک لەهەڵبژاردنی جلوبەرگیدا بێقەیدوشەرت ئازادە. دانانی هەرجۆرە شەرتو شروتێکی رەسمیی یان تەلمیحی لەسەر جلوبەرگ پۆشینی خەڵکی لە شوێنە گشتیەکاندا، چ ژنو چ پیاو، قەدەغەیە.

٢٥ /هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بەشداری شەڕ یان هەر کردەیەکی سەربازی نەکات کە لەگەڵ مەبدەئو بیروباوەڕی ئەودا ناکۆک بێت.

٢٦ /بەرقەرارکردنی پەیوەندی ئازادو دڵخوازانەی جنسی مافی حاشا هەڵنەگری هەموو ئەو کەسانەیە کە گەیشتوونەتە تەمەنی کامڵبوونی جنسی. پەیوەندی جنسی دڵخوازانەی کەسانی گەورەسالّ لەگەڵ یەکتردا، مەسەلەی تایبەتی خۆیانەو هیچ کەسو هیچ دەسەڵاتێک مافی لێوردبوونەوەو دەخالەتکردن وەیان ئاشکراکردنی گشتیی ئەم مەسەلەیەی نییە.

٢٧ /پەیوەندی جنسیی کەسانی گەورەسالّ (سەرووی تەمەنی قانوونی کامڵبوون)، لەگەڵ کەسانی ژێر تەمەنی قانوونی، ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆشیان بێت قەدەغەیە.

٢٨ /قازیەکانو دادگاکانو سیستمی قەزایی لەڕووی حقوقیەوە سەربەخۆن. هەڵبژاردنو لابردنی قازیەکانو ئەودوای بەرپرسانی قەزایی مافی خەڵکە.

٢٩ /بەرپاکردنی دادگا تایبەتەکان قەدەغەیە. دەبێ هەموو دادگاییکردنەکان بەشێوەی ئاشکرا بەرپا بکرێن.

٣٠ /هەموو تاکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. هیچ بەرپرسو کەسێک حەصانەی قانوونی نییە. هەموو کەسێک بەبێ هیچ قەیدوشەرتێک مافی ئەوەی هەیە کە لە دادگا ئاساییەکاندا داوا لەدژی هەر بەرپرسێکی دەوڵەتی تۆمار بکات.

٣١ /هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە شایەتی لەدژی خۆی نەدات وەیان ئیعتراف نەکات.

٣٢ /لەهەموو دادگاییکردنەکاندا فەرز لەسەر بێتاوانیی تۆمەتبارە. بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی مونسیفانە مافی هەموو کەسێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن، سووکایەتیو گوشار دانانێکی فیکریو نەفسی لەسەر کەسانی دەستگیرکراو، تۆمەتباران‌و حوکمدراوان بەتەواوی قەدەغەیەو پەنابردن بۆ ئەم کارانە بە تاوانی جینائی دەژمێردرێت. بەدەستهێنانی ئیعتراف لە ڕێگەی هەڕەشەو تەماح پێدانەوە قەدەغەیە.

٣٣ /سزای ئیعدامو بەندی هەمیشەیی یان هەر جۆرە سزایەک کە دەستدرێژی تیا بێت بۆ سەر جەستەی تاکەکان لە هەموو هەلومەرجێکدا قەدەغەیە.

دریژەی... دوا وتە

رانیەو ناوچەی بیتوێن، لە ناوجەرگەی شاری سلێمانیدا و لەژێر سایەی دەسەڵاتی پاریزگاری تازەدا بێ هیچ هۆکارێکی دیار و ڕاگەیەنراو یان بێ ڕەچاوکردنی هیچ پابەندبوونێکی یاسایی دەرفێنرێت، کە تائیستاش لەلایەن دەزگا ئەمنیە جاڵجاڵۆچکەیەکانی یەکێتییەوە دەستبەسەر و زیندانییە. پاریزگاری سلێمانی ئەگەر پۆستە قورعانیەکەی پارانەوە بووبێت لە بەدوور بوونی لە سزای جەهەنەم و خەون بینین بەدەست ڕاگەیشتن بە دنیای پر حوری و شەرابی بەهەشت!!، ئەوا لە ژێر سایەی ئەم پاریزگارەدا ئەسعەد شاوری سزای دنیای دەسەڵاتدارێتی هەڤاڵ ئەبوبەکرەکان دەبێ بچێژێت، بەڵام سزای ئەو لەسەر دزی و گەندەڵی نییە، لەسەر پەیرەونەکردنی سەوابیتە دینیەکان نییە، لەسەر ڕەفتارە داعشیەکانی مەلا و کۆنەپەرستانی میشک مەیوو نییە، بەڵکو لەسەر چالابوون و هەڵسوران و خەمخۆر بوون نیشاندانیەتی بۆ خەڵکی هەژارو نەدارو زەوی لەرزەی کرمانشان و شارەکانی تر. هێشتا دیار نییە ڕۆڵی ئەم هەڤاڵ و ئیمامە لە ڕفاندنی ئەسعەد شاوریدا چییە، بەڵام بێگومان ئەو بەرپرسی یەکەمی هەر گرتن و ڕفاندن و سەرکوت و بێمافیەکە... چونکە ئەو بەرپرسی یەکەمی شارە!!

هێرش بۆسەر دەستفرۆشان و شکاندنی عارەبانەی ئامرازی دابینکردنی بژێوی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نەدارانی کوردستان و جەنگ ڕاگەیاندن لەدژی میوەو سەوزەو پلیشاندنەوەیان... لەسەرەتای دەست بەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکردا، وەکو ڕەفتارێکی قێزەونی پاریزگارەکانی پێش خۆی لە شیخ جەعفەری بەعسیەوە تا ئەوانی تر... نیشانی دەدات کە پاریزگارەکانی سلێمانی پاریزگاری دەسەڵاتن و لەبەرامبەردا دەست کراوە سەخاوەتمەندن بۆ سەرکوتی هەژاران و نەداران... قورعانەکەی دەستیشی دەفەرموویێت" لان شکرتم، لازدنکم" شوکرانە بژێر بن بۆتان زیاد دەکەین... ئەمە پەیامی پاریزگاری تازەو قورعانەکەی دەستیەتی بۆ دەستفرۆشان و هەژارانی شار... کە نەئەم دنیاو نە دونیای ئەولایان پێ ڕەوانابینن، کەچی جەنابیان هەردوو دنیایان بێ زیادو کەم دەوێت. جەنابیان و جەنابەکانی دەسەڵات بەدەستیان... بە قورعان و بە هێزی هەزارسەری سەرکوت و فریوکاریەوە، دیسانیش خەڵکی نەدارو بە ئاگرو دوپشک و پردی سیرات و سزای زاڵمانەی خودا دەترسێنن و لەم دونیایەش لێیان خۆش نابن، سزای ئاگرو ئاسن و بێمافی سەرکوت و ڕفاندن دەست لێ بەرنادەن. پاساوی هێرش بۆ سەردەستفرۆشان لە شێخ جەعفەرەوە بۆ سالار عەزیز و ئیمام هەڤاڵ یەک شتە... پاریزگاری لە سیمای جوانی شار... ئای شار چەند زوڵم لێکراوی... سیمای شار بەئازادی و ماف و دابینکردنی کارو نانەوە جوانە... بە دابینکردنی ژیانی شیاوی ئینسانەوە جوانە... نەک بە بیکار کردن و سەکوت و نانبرین و هێرش بۆ سەر بژیوی هاوڵاتیان. ئەوەی سیمای شاری شێواندووە، بوونی مفەتەخۆران و تاڵانچیان و دەزگا سەکوتکەرو چەکدارەکانە... بوونی پاریزگار و بەرپرسە نا بەرپرسەکانە، بوونی نابەرابەری ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتیە، بوونی سەرکوت و بیمافییە... بیمەی بیکاری یان کاری گونجاو زامن بکەن... تا خەڵک دەست بۆکاری بێکاری نەبات. شوینی شیاو و گونجاو و دوکان و بازاری تایبەت بۆ دەستفرۆشان فەراهەم بکەن، تا ناچار نەبن لەسەر چەقی شەقامەکان میوەفرۆشی و دەستفرۆشی بکەن.

لەپەیوەند بە سەرمای زستان و نەبوونی سوتەمەنیدا، کە مۆتەکەیەکی ترسناکی سەر هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگەیە، پاریزگاری تازە، پلانێکی جەهەنەمی ڕادەگەیەنێت... پلانەکە ئەوەیە دەفەرموێت!! لە هاویندا نەوت بکڕن... چ داهێنەرێکە پاریزگاری ئیماممان و چ داهینانێک دەبەخشێتە هەژارانی کۆمەڵگە، بەڵام جەنابیان پێمان ناڵێت ئەی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی گەرمای هەڵقڵچینەری هاوین دەبێ لە فکری چیدابن تا گەرمان نەیان سوتێنێ... دیارە بۆ خۆدوورگرتن لە قرچەی گەرمای هاوین پاریزگاری ئیماممان بەپێی لۆجیکی داهێنەرانەی لەوانەیە پێشنیاری کرینی پانکەو موبەریدەو سپلیت لە چلەی زستاندا بکات، چ پاریزگارێکی داهێنەرە... لەم سەرمای زستانەدا کە تازە هاوینیش تێپەڕیووە دەڵێ هاوین نەوت بکرن... بەڵام نافەرموێت ئەم زستانە چی بکەن؟ و کێ بەرپرسە لەدابینکردنی سوتەمەنی بۆ هاوڵاتیان؟

ئەمانەی سەرەوە تەنها کارنامەی کەمتر لە هەفتەیەکی پاریزگاری سلێمانییە، پاریزەری سیستەمی زاڵمانەی چاوچنۆکی دەسەڵاتی کوردایەتی... ئەم پاریزگارە تازەیەمان جیاوازیەک کە لەگەڵ پاریزگارەکانی پێش خۆی و بەتایبەت لەگەڵ شێخ جەعفەردا هەیەتی...ئەوەیە، شێخ جەعفەر کارمەندی دەسەڵاتی بەعس بوو، بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی بوو، هەڤاڵ ئەبوبەکەر هەم کارمەندی قورعان وخودایەو هەم کارمەندی دەسەڵاتی تاڵانچی و سەرکوتگەری بزوتنەوەی کوردایەتی... نابێ بیرمان بچێت شێخ جەعفەر و پیاوانی بەعس... کێشەی نەوت و نان و سوتەمەنی و ئاو وکارەبایان، ڕەوانەی وەرزەکان نەدەکرد و بۆ خەڵکیان دابین دەکرد، بەڵام لە ژێر ناوی جوان ڕاگرتنی شاردا، دژی دەستفرۆشان بوون هەر وەکو سالار عەزیز و هەڤاڵ ئیمام... هاوکات لە ژێر ناوی پاریزگاری لە نەزم و ئارامی شار... هەڵسوران و چالاکوانی سیاسی و کەسانی سیاسی نەیار بەخۆیان وەکو ئەسعەد شاورییەکان زیندان و دەستبەسەر دەکرد.

ئەم هەفتەیە لە دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبکر... نیشاندانی ڕۆڵی داهاتووی ئەویشە بۆ خەڵکی سلێمانی. نیشاندانی دوبارە گەرانەوە و دریژەدانە بە کارنامەی نەفرەتلێکراو و تەواو نەکراوی شێخ جەعفەر و سالار عەزیزەکانە.

ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی مانگی دیسەمبەری ٢٠١٧

کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە ببات پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبمالّن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی تۆندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهلّنەگرو سەکۆی ڕاستیژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com / ماڵپەری بۆپێشەوە / www.bopehsawa.net

دوا لاپەڕە
ژمارە (18) 15/12/2017
بۆچی؟
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نوسەرانی ئەم ژمارەیە:
هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا مەحمود، عەبدولرحمن ڕەسوڵ، نوری بەشیر، کورش مودەرسی
بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

یادی خەباتکارانەی گوڵزار حەمە ڕەفیق، لە ئوسترالیا، بەڕێوەچوو



ڕێکەوتی ۲۰۱۷/۱۲/۱۰ سەعات شەشی ئێوارە لە هۆڵی یەکێتی کرێکارانی سی ئیف ئیم یو لە سدنی مەراسیمی ڕیزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێ گوڵزار بەئامادەبوونی ئەندامان و دۆستانی حزب و دەیان کەسی تر کە بەشدار بوون لەلایەن ڕێکخراوی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە، بەڕێوەبرا.

سەرەتایی مەراسیمەکە بە وتەی بەبەخێرهاتن و سوپاسگوزاری بۆ ئامادەبوان دەستی پێکردو ئاماژە بە مەرگی ناوەختی هاوڕێ گوڵزار و هاوغەمی دەربڕین بۆ هاوڕێیان چیمەن خۆشکی گوڵزار و گشت ئازیزانیان و پاشان دەقەیەک وەستان و وتنی سرودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکرد لەلایەن پیشکەشکار عامر سابرەوە.

پاشان بەیانی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان کە لەبارەی ئەو ڕوداوە دەرکرابوو لە لایەن موزەفەر عەبدوڵا بەرپرسی ڕێکخراوی ئوسترالیاوە خوێندرایەوە

بە دوایدا پەیامی ڕێبوار ئەحمەد و جەبار مستەفا لە لایەن حسن مارف و عامر سابیرەوە خوێندرایەوە

بەشێکی دیکەی بەرنامە پەیامی هاوڕێ موحسین کریم جێگری سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو کە وێرای هاوخەمی بۆ هەموو ئەندامانی حزب و کەسوکاری هاوڕێ گوڵزار، هاوکات وتی زیانێکی گەورەبوو لە حزب و جوڵانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و یەکسانیخوازی کەوت بەتایبەت بەهۆی ئەوەی ئەم هاوڕێیە، وەک ژنێکی کرێکارو کۆمۆنیست لەماوەی زیاتر لە سێ دەیە بەردەوام لەهەر جێگایەک بوبێ بەبێ دودڵی لە پێشەوەی ناڕەزایەتییەکان و کارو چالاکییەکانی حزب بووە.

بڕگەکانی تری بەرنامەی مەراسیم قسەوباسی هاوڕێ سروە وەهاب کە هاوڕێیەکی دێرینی گوڵزار بوو کە ئاماژەی بە چەند لایەنی دڵسۆزی و جدیەتی گوڵزار دا بۆ بیروباوەڕەکەی و بۆ هاوڕێیانی.

هەروەها وتەیەک لە لایەن زاریا کچی هاوڕێیان چیمەن وحسن بۆ ڕێزو خۆشەویستی بێ پایانی وگوڵزارپێشکەش کرا. پاشان دوو پارچە شیعر لەلایەن فایەق پێنجوینی و گۆران باهیر خوێندرایەوە کە لەگەڵ سلاید شۆی وێنەکانی هاوڕێ گوڵزار لە چەند دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشادەدران.

کۆتا برگەی بەرنامەکە وتەی هاوڕێ چیمەن بوو کە وێرای خوێندنەوەی پەیامی بەڕێز مەجید حمەڕەفیقی برا گەورەکەیانی خوێندنەوە، هەروەها سوپاسی هەموو لایەکی کرد بۆ دەربڕینی هاوغەمی و هاودڵی لەگەڵیان. هەروەها ڕاستەوخۆ مەراسیمەکە پەخشکرا.

یادی هاوڕێ گوڵزار لە کارو خەباتمان بۆ گەیشتنی ئازادی و یەکسانی هەمیشە زیندووە

ڕێکخراوی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

۲۰۱۷/۱۲/۱۱ سدنی

دوا کات بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەروای ۲۸/۱۲/۲۰۱۷

دنیا لینگەوقوچە، دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە، ئەمە ئامانجی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە...

دوا ستوون

پاریزگای سلێمانی...لە شێخ جەعفەرەوە بۆ هەڵۆ ئەبوبەکر

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

سەرئەنجام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پۆستی پاریزگاری سلێمانی بەخشیە بزوتنەوەی گۆڕان و هەڵۆ ئەبوبەکر پۆستەکەی وەرگرت. دیارە چ دۆخی یەکێتی نیشتیمانی و چ دۆخی پاریزگای سلێمانی لەو پەری خراپی و پەراوێزخستن دایە. ئەو هەنگاوەی یەکێتیش بە ڕادەستکردنی پۆستی پاریزگاری سلێمانی بە بزوتنەوەی گۆڕان، هێندەی بۆ ئەوەیە بزوتنەوەی گۆران بکاتە برا بەشی شکستی دەسەڵاتداریتی بەکردەوەی زۆنی سەوز هێندە پەیوەندی بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە بزوتنەوەی گۆران و نیشانەیەک نییە لە ملدانی یەکێتی بە ڕادەستکردنی دەسەڵات. پارتی و یەکێتی هەرگیز کێشەی سەرەکیان لە پێدانی پۆست نییە بە هاوکارو حزبەکانی تر، چونکە ئەوان پۆست دەبەخشن و دەسەڵات نا... پۆست دەبەخشن، بەڵام دەسەڵاتی بەکردەوە لەسەروی پۆستەکانەوەیە... ئەو هەنگاوەی یەکێتیش لەوە بەدەر نییە.

هەڵۆ ئەبوبەکریش بە پۆستێکی وێنەیی کە قورعانێکی بەدەستەوەیە دەست بەکاربوو... ئەو پۆستە وێنەیەی هەڵۆ ئەبوبەکریش بێ واتا نییە... واتای ئەو پۆستە یەکەم ئەوەیە کە ئەو لەدۆخی خراپی فەزای کۆنەپەرستی ئیسلامی بەسەر زۆنی سەوزدا، هێشتا نارازییە و دەیەوێ بەوێنەی کاراکتەرێکی ئیخوانی و ئیسلامی پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێت، کە ئەم زونە ئیسلامی تربکات و لەمەترسی مۆدێرنەبوونی زیاتر و ڕۆشنبیرتربوونی زۆرتر پاریزەری ئیسلام و مەلای میشک مەیو و عەقڵی قوڵفدراوی کۆنەپەرستی بێت. دووەمیش ئەو پۆستە بااڵدەستبوونی باڵی ئیخوانی لە ناو حزبی گۆڕاندا نیشان دەدات. کە خەریکن بە تەواوەتی سوکانی ئەم بزوتنەوەیە بەدەستەوە بگرن و سەوابیتی ئیسلامی بکەنە بنەمای سەرەکی کارو بەشی دەسەڵاتیان.

ئەگەر لەوانە بگوزەرێین چەند ڕووداو جێگای هەڵوێستەن کە لەژیر سایەی کەمتر لە هەفتەیەک لە وەرگرتنی پۆستی پاریزگاردا، ڕوویانداوە...و هەڵوێستە لەسەرکردنیان دواخستن هەڵناگرێت.

ڕفاندنی" ئەسعەد شاوری" هەڵسوراو و چالاکی مەدەنی ناوچەی بیتوێن لە ناوشاری سلێمانی لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی هەڵۆ ئەبوبەکرداو هێرش بۆ سەر دەستفرۆشانی شاری سلێمانی لەژێر ناوی جوانکردنی سیمای شاردا و پلانی جەهەنەمی!! پاریزگار بۆ چارەسەری کێشەی نەبوونی نەوت... جێگای ڕامانن. هەر ئەو ڕۆژەی ئیمام ئەبوبەکەر پۆستی پاریزگاری سلێمانی وەردەگرێت و پۆستێکی قورعانی لە سوسیال میدیادا پەخش دەکاتەوە، ئەسعەد شاوری یەکێک لە هەڵسوراوان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاراکتەرێکی چالاکی...

بۆ لاپەرە ۹